# ڕۆڵی سیاسی ژنانی کۆیە لە ساڵانی (١٩٥٨ -١٩٩١)

**هەورین علی توفیق**

ئامادەیی داستانی ئێواران، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**جەمال فەتحوڵا تەیب**

بەشی مێژو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ژنان بەدرێژایی مێژو ڕۆڵی بەرچاویان لە گشت بوارەکانی ژیاندا گێڕاوە، بە هەمان شێوە ژنانی کورد بەگشتی و ژنانی کۆیەش بەتایبەت، لە کایەی سیاسیدا شانبەشانی پیاوان، چالاکانە بەشداری کارایان لە بواری خەباتی نیشتمانی و نەتەوەییدا هەبوە، بەپێی توانای خۆیان قوربانیانداوە، هەڵبەتە ژنان لەناو کۆمەڵگەیەکی داخراوی دواکەوتوی وەک ئەو سەردەمە، دەرفەتیان پێنەدراوە بونی خۆیان بسەلمێنن و هەنگاوی گەورەبنێن، سەرباری ئەو کۆسپانەش ژنانی کۆیە کۆت و بەربەستەکانیان شکاندوە و هاتونەتە مەیدانی خەبات.

بێگومان سیاسەتی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، هەردەم لە بەردەم بەشداری ژنان ڕێگربون، بۆ نمونە کاتێک حزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ بەکودەتایەک دەسەڵاتی گرتە دەست، هێرشی کردە سەر کوردستان، لەو چوارچێوەیەش هێرشی کردە سەر شاری کۆیە و سیاسەتێکی داپڵۆسێنەرانەی گرتن و کوشتن و تاڵانکردنی ئەنجامدا، بەو هۆیەوەش ژنانی کۆیە توشی کوشتن و ئازار و ئەشکەنجەبون، هەروەها لە دوبارە وەرگرتنەوەی دەسەڵاتیان لە ١٩٦٨ ١٩٩١ هەمان سیاسەتی توندوتیژیان بەکارهێناوە، بێ جیاوازی لە نێوان ژنان و پیاوان، بۆیە ژنانیش بە بەردەوامی لە ڕوبەڕوبونەوەی دوژمنان هاوبەشی هەمو جۆرەکانی خەباتی نەتەوەییان کردوە، بێگومان ئەوەش هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکەیە، بەناوی (ڕۆڵی سیاسی ژنانی کۆیە لە ١٩٥٨ ١٩٩١).

ئەم توێژینەوە لە دەروازە و دو باس پێکهاتوە، لە دەروازەدا باسی کورتەیەکی مێژویی بەشداری سیاسی ژنانی کۆیە پێش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ دەکرێت، باسی یەکەم: تایبەتە بە بەشداری ژنانی کۆیە لە کاری ڕێکخراوەیی لە ساڵانی ١٩٥٨١٩٧٥، باسی دوەم: تایبەتە بە ڕۆڵی ژنان لە چالاکیە سیاسییەکان (ڕێکخستنە نهێنییەکان و خۆپیشاندان) لە ساڵانی ١٩٧٥ ١٩٩١.

**کلیلە وشەکان:**

ژنانی کۆیە، ڕۆڵی سیاسی، حزبی شیوعی، چالاکییە سیاسییەکان، خەباتی نەتەوەیی.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(2).Paper25
**Received:** 20-August-2021
**Accepted:** 07-September-2021
**Published:** 29-March-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
hawrin.ali83@gmail.com
Jamal.fathullah@koyauniversity.org
**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

## پێشەکی

### گرنگی توێژینەوەکە:

بێگومان لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی وەک ڕۆڵی ژنانی کۆیە، لە کایەی سیاسی لە ساڵانی (١٩٥٨-١٩٩١)دا، گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام واقیعی کۆمەڵگای کوردی لەو سەردەمەدا، هەروەها چۆنیەتی نوسینەوەی مێژو و تاڕادەیەکی زۆر فەرامۆشکردنی ڕۆڵی ژن لە نوسینەکاندا، دەرئەنجامێکی خەمناک بەدەستەوە دەدات. لەگەڵ ئەوەی مێژوی خەبات و پێشکەوتنی شارستانییەت لە شارەکەدا، کاریگەری گەورەی هەوڵ و ماندوبونەکانی ژنانی بەسەرەوەیە، بۆیە گرنگی ئەو توێژینەوە لەوەدایە کە لایەنێکی فەرامۆشکراو لە ڕۆڵی ژنانی کۆیە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەخاتەڕو.

### هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

لەگەڵ ئەوەی نوسین دەربارەی مێژوی کورد بەگشتی و شار و ناوچەکان بەتایبەتی، هەروەها کەسایەتییە دیارەکانی ناو ئەو مێژوە هەیە و زۆرە، بەڵام لێکۆڵینەوە و نوسین دەربارەی کاریگەرییەکانی ژنان لەناو ئەو مێژوەدا تاڕادەیەکی زۆر فەرامۆشکراوە، لە کاتێکدا ژنان توێژێکی زیندو و دانەبڕاوی مێژوی هەمو سەردەمەکان بون، بەتایبەت ژنانی کۆیە وەک پێشەنگی ناوچەکانی کوردستان، لەپێشەوەی گۆڕانکارییەکاندا بون، لە چوارچێوەی بزوتنەوەی خەبات و تێکۆشان، سەرباری ڕۆڵی پێشەنگ بونیان لە سەرجەم بزوتنەوە نەتەوەییەکان، ئەوە هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی توێژینەوەکەمانە، بە ناونیشانی (ڕۆڵی سیاسی ژنانی کۆیە لە ساڵانی ١٩٥٨ ١٩٩١).

### ئامانجی توێژینەوەکە:

لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیە مەبەستمانە، ڕۆڵ و کاریگەری ژنانی کۆیە لە بواری سیاسی بخەینەڕو، لەگەڵ خستنەڕوی ئەو بەربەستانەی بونەتە کۆسپ لە بەردەم بەرەوپێشچونی ژنان، جگەلە خستنەڕوی تواناکانی ژن لەو سەردەمەدا، کە شارەکە بەگشتی لەژێر هەڕەشە و ترس و چەوساندنەوەی ڕژێم و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عیراقدا بوە، هەروەها کۆمەڵگەی کوردیش بەگشتی دواکەوتو بوە، مەبەستمانە تواناکانی ژنانی کۆیە لەچۆنیەتی شکاندنی ئەو کۆسپ و ڕێگرییانە، هەروەها بەشداریکردن لە خەباتی سیاسی و نەتەوایەتیدا پیشان بدەین.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

هەوڵ دەدەین بەپێی میتۆدێکی زانستی توێژینەوەکە بخەینەڕو، بە پشتبەستن بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژویی، هەروەها لە ڕێگای پەیڕەوکردنی میتۆدی زانستی شیکارییەوە، لێکدانەوەی ورد و بابەتیانە بۆ واقیعی کۆمەڵگا، لە هەلومەرجی بەشداری سیاسی ژنان لە مێژوی شارەکەدا بکەین، لەگەڵ هەڵێنجانی ڕاستی ڕوداوەکان.

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە لە: پێشەکی، دەروازە، دو باس، ئەنجام، پێکدێت و لە خوارەوە ئاماژەی پێدەکەین:

- دەروازە: بریتییە لە باسکردنی کورتەیەکی مێژویی بەشداری سیاسی ژنانی کۆیە پێش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، هەڵبەتە لێرەدا کورتە باسێکی مێژویی دەربارەی ڕۆڵی ژنانی شارەکە، لە بواری سیاسی لە سەردەمی پاشایەتی دەکەین.
- باسی یەکەم: تایبەتە بە بەشداری ژنانی کۆیە لە کاری ڕێکخراوەیی، لە ساڵانی ١٩٥٨١٩٧٥، لەم باسەدا ڕۆڵی ژنانی کۆیە لە چوارچێوەی پارتە سیاسی و ڕێکخراوە تایبەتەکان باس دەکەین، کە تیایدا ڕۆڵی مێژویی ژنانی شارەکە، لە بەشداری کارای سیاسی نێو خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی دەخەینەڕو.
- باسی دوەم: ئەم باسە تایبەتە بە ڕۆڵی ژنان لە چالاکییە سیاسیەکان (ڕێکخستنە نهێنییەکان و خۆپیشاندان) لە ساڵانی ١٩٧٥١٩٩١، کە تیایدا بەشداری ژنان لە ڕێکخستنە نهێنییەکان و ڕۆڵی کارایان لە پێشهاتە سیاسییەکاندا دەخەینەڕو، هەروەها بەشداری و پشتیوانیان بۆ شۆڕش و بەجێگەیاندنی ئەرکە نهێنییەکان، لەژێر دەستی دوژمندا ئاماژە پێدەکەین.

## گرنگترین ئەو سەرچاوانەی زۆرترین سودیان هەیە لە توێژینەوەکەدا:

لەم توێژینەوە، پشت بە سەرچاوەی هەمەلایەن دەبەستین، کە خۆی دەبینێتەوە لە کتێبی مێژویی بەتایبەت ئەوانەی دەربارەی مێژوی شارەکەن بەگشتی، جگەلە یاداشت و بیرەوەرییەکان، هەروەها ئینسکلۆپیدیا و توێژینەوە و وتاری ناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، لەوانە کتێبی (مێژوی کۆیە)ی دکتۆر جەمال فەتحوڵلا تەیب زۆر بەسودە، چونکە بەشێوەیەکی ڕون و ئەکادیمی نوسراوە، هەروەها زۆر سود لە نوسینەکانی کەریم شارەزا وەردەگرین، بەتایبەت کتێبی (کۆیەو شاعیرانی) زانیاری وردی دەربارەی کەسایەتییەکان تێدایە، جگە لەکتێبەکانی (ڕەهبەر سەیدبرایم)، (سایەی هەیبەسوڵتان، پرچی عەیشێ و فاتمان و ئەوانی تریش)، کە لە زۆربەی بوارەکاندا زانیاری ورد لەخۆدەگرن، بەهۆی ئەوەی گرنگی بەبواری هەمەجۆر داوە، کە یەکێکە لەوانەی کاری پێشمەرگایەتی لە سنوری ئەو شارەدا کردوەو خەڵکی کۆیەشە.

هەروەها زۆرینەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لە ڕابردودا لە ناوچەکەدا دەرچون، بەتایبەت گۆڤاری (کەکۆن) هەروەها ڕۆژنامەی (کۆیە، هامون) سودی تایبەتیان هەیە، بەهۆی ئەوەی نوسەرەکانیان شارەزای تەواوی ناوچەکە و مێژوی ناوچەکە و ڕەوتی ڕوداوەکانن، لەلایەکی ترەوە چاوپێکەوتن و گفتوگۆ و دواندنی ژمارەیەک کەسایەتی هاوچەرخی ڕوداوەکان یان بەشداری ڕوداوەکان، سودی زۆری دەبێت.

## گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە:

بێگومان لە کاتی ئەنجامدانی هەرکارێک، یان توێژینەوە دەربارەی هەر بابەتێک کۆمەڵی گرفت ڕێگەت پێدەگرێ، بۆیە بەدڵنیاییەوە لەم توێژینەوەیەش کۆسپی زۆر هاتە پێشمان، بەتایبەت کە لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕۆڵ و کاریگەری سیاسی ژنان لە کۆیەدا دەکەین، ئاشکرایە کە گرفتی کەمی سەرچاوەی تایبەتمەندمان دەبێت، چونکە زۆربەی کات لە نوسینەکاندا گرنگی بە ڕۆڵی ژنان نەدراوە، جگە لە دەستنەکەوتنی بەشێکی زۆر لەو گۆڤارو بەڵگەنامە مێژوییانەی سەردەمی دوای شۆرشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨، کە دەشێت سودی زۆر بگەیەنن، لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا هەوڵەکانمان چڕکردۆتەوە لەپێناو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە لە کەلێنی ڕوداوەکان سەریانهەڵدا، ئەویش بەپشت بەستن بە کەسانی شارەزا و نوسەرانی نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

## دەروازە: کورتەیەکی مێژویی بەشداری سیاسی ژنان، پێش شۆرشی ١٤ ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨:

ئاشکرایە لە مێژوی مرۆڤایەتیدا، ژنان نادادپەروەری و نایەکسانی زۆریان بەرامبەر کراوە، بە پاشکۆ و کۆیلە و کەم عەقڵ و نەزان ناسێنراون، زۆربەی فەیلەسوف و بیرمەندە جیهانییەکانیش، لە سەدەکانی ڕابردودا، تیڕوانینەکانیان بەرامبەر ژنان ناپەسند و نالۆژیکی بوە، لەڕاستیدا لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریش بارودۆخەکە باشتر نەبوە، بەهۆی ئاوێتەبونی و تێکەڵاوی بیروبۆچون و کلتورە جیاوازەکان، بەڵام سەرەڕای ئەم هەمو بارقورسی و کۆت و زنجیرەی دەسەڵاتی پیاوسالاری، ژنانی کورد توانیویانە، کەسێتی خۆیان بپارێزن، زۆرجاریش سەرکەوتوانە بونی خۆیان لەناو کۆمەڵگادا سەلماندوە (شەورۆ،٢٠١٥: ١١١٣). هاوشێوەی (عادیلە خانم، خانزادی سۆران، قەدەم خێر، حەپسەخانی نەقیب)، ژنانی کۆیەش ڕۆڵیان لە سەرجەم بوارەکاندا گێڕاوە. ئایشەخانی دایکی کاکەزیاد و خێزانی حەماغا هاوشێوەی حەپسەخانی نەقیب و خانمی وەسمان پاشای جاف بوە، ئایشانی کچی حاجی ئەبابەکری ڕەمک کە ئەویش خێزانی حەماغای غەفوری(حەماغای گەورە)بوە، لە کاتی شەڕ و ڕوبەڕوبونەوە، هاوشانی هاوسەرەکەی جەنگاوە (سەیدبرایم، ٢٠١٢،گ.کەکۆن، ژ.(٢١): ٣).

بێگومان لە بواری سیاسی و قۆناغی پەیدابونی پارتە سیاسییەکانیش بەشێکیان هەوڵی بەشداری خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەییان داوە، لەپێناو بەدیهێنانی مافە ڕەگەزی و نەتەوەییەکان تێکۆشاون، هەوڵ و تواناکانیان لە پێناو هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی خستۆتەگەڕ. بەنمونە، (زەینەب خان – کچە کورد[1])ی شاعیر، کە خوشکی گەورەی دڵدارە، خاوەن هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی بوە، کاریگەری زۆریشی لەسەر دڵداری برای هەبوە، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری (دارکەر[2]) و (حزبی هیوا[3]) بوە لە هەولێر، پێشتریش لە (خۆیبون[4]) و (کۆمەڵەی

منەوەران[5]) ئەندام بوە (عارف، ٢٠١٨: ٤، ٥). (نەجیبەخانی جەلیزادە[6])ش لەچلەکانی سەدەی بیست، یەکێک بوە لەو ژنانەی تێکەڵ بەکاری سیاسی بوە، بوەتە لایەنگری چالاک و دڵسۆزی حزبی هیوا (شارەزا،٢٠٠٨،گ.کەکۆن،ژ.(١): ٦؛ حەیدەری و ئەوانی تر، ٢٠١٤: ٨٣ ؛ ئەحمەد، ٢٠١٩: ٨٦). (عەیشەگڵوکە[7]) لەسەرەتای دامەزراندنی پارتی ڕزگاری – تحریر دەبێتە ئەندامێکی چالاک و کارای ئەو حزبە (عەلائەدین، ٢٠١٤: ٢٤٧). کاتێکیش لە چلەکانی سەدەی ڕابردوەوە، چالاکی حزبی شیوعی عیراق گەیشتۆتە کۆیە، بەسەدان ژنی ڕۆشنبیر و چالاکوان تێکەڵ بەو ڕێبازە بون، چونکە لە دروشمەکانیان داوای یەکسانی و نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزییان کردوە (تۆبزاوایی، ٢٠١٤،گ.کەکۆن،ژ.(٣٣): ١٠). لە ماوەیەکی کورتدا پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەکی باش لە خوێندکار و کرێکار و ژنانی شارەکە پەیدادەکەن و چەند شانە و شانەی هەوادار دروستدەکەن(ڕەسول، ١٩٩٧: ٨٨). هەروەها ڕۆڵی بەرچاو لە پێگەیاندن و بەشداری پێکردنی ژنان دەبینن، بە بیروباوەڕی یەکسانی و هۆشیاری پەروەردەیان دەکەن (سەیدبرایم،٢٠١٧: ١٣). لەلایەکیترەوە هەر دوای دروستبونی پارتی دیموکراتی کورد لەسەر پەیکەری هەردو پارتی ڕزگاری و شۆڕش (شارەزا، ٢٠١٣: ١٥، ١٦). و بەستنی کۆنگرە لە ١٦ی ئەیلولی ١٩٤٦، وردەوردە پێگەی جەماوەری خۆی لە شارو شارۆچکەکاندا بەهێزکردوە، نەجیبەخانی جەلیزادەش وەک ئەندامێکی ئەو حزبە، هەوڵی بەشدارییپێکردنی ژنانی شارەکەی داوە، لە کار و چالاکی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا (ئەحمەد، ٢٠١٩: ٨٦).

بێگومان نیوەی دوەمی چلەکانی سەدەی بیست، پڕە لە چالاکی جۆراوجۆر، کە ژنان هاوشانی پیاوان لە هەردو پارتی ئەو سەردەمە (شیوعی و پارتی)، ڕێبەرایەتی چالاکییەکانیان کردوە، هەر لە خۆپیشاندانەکان و ئاهەنگ و بۆنە نەتەوەییەکان. لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری کوردستانیش لە مهاباد لە ٢٢ی کانونی دوەمی ١٩٤٦ بەڕێبەرایەتی قازی محەمەد، خەڵکی کۆیە خۆشحاڵ بون و هەوڵی کۆکردنەوەی هاوکارییان داوە (فەتحوڵا،٢٠١٦ گ.کەکۆن،ژ.(٤٥): ٣١). ژنانیش بەزۆر شێواز لە پشتیوانی کۆماردا بەشدار و هاوکاربون. لەو بارەیەوە (خوشکە فریشە[8]) دەڵێ: "لە ڕێگای حزبی شیوعی، شێوە و ڕەنگی ئاڵای کۆماری کوردستانمان بۆهات، کۆمەڵێک کچی خوێن گەرم، هەستاین بە نەخشاندنی ئاڵاکە بە (زەنگیانەی ڕەنگاوڕەنگ) لەسەر پارچە قوماشی جۆراوجۆر، بە تایبەتیش کڵاو"(تۆبزاوایی، ٢٠١٤، گ.کەکۆن،ژ.(٣٣): ١٠). هەروەها دروستکردنی ئاڵاکە بەنەخشی جیاواز و دابەشکردنی بەسەر لاواندا (فەتحوڵا، ٢٠١٦،گ.کەکۆن،ژ.(٤٥): ٣١). لەکاتی لە سێدارەدانی قازی و یاوەرانیشیدا، بەنهێنی پرسە و کۆڕی ماتەمینیان لە ماڵی خەجاوەخانی خوشکی نافیز جەلال حەوێزی گێڕاوە (ئەحمەد، ٢٠٢٠: ٢٣٨ ؛ کاکەمەلا[9]، ٢٠٢٠/١٠/٢٠: چاوپێکەوتن).

لەڕاستیدا لە چلەکاندا شیوعی و پارتی هەریەکەو بەئەندازەیەک، کاریگەریان بەسەر جەماوەری کوردستان و ڕۆشنبیرانەوە هەبوە (قەرەداغی،٢٠١٨: ٥٥). بۆیە کاتێک ڕێکخستنەکانیان دژی دەسەڵاتداران جاڕی خۆپیشاندان و مانگرتنیان دەدا، ژنانی چالاکوان لەپاڵ پیاوەکان بە هەلهەلە و هوتاف کێشان، دەهاتنە سەر شەقام لە پێناو بە دەستخستنی مافەکانی خەڵک (تۆبزاوایی،٢٠١٤،گ.کەکۆن، ژ.(٣٣): ١٠). بۆ وێنە لە (ڕاپەڕینی وثبە)ی کانونی دوەمی ١٩٤٨، هەرچەندە سەرەتا لە بەغدا دەستیپێکرد، بەڵام دواتر زۆرینەی ناوچەکانی عیراق و کوردستانی گرتەوە، ئەوەی ڕۆڵی ژنانی کۆیەی لەو چالاکییانە لە ژنانی شارەکانی تر جیادەکردەوە، نەک تەنها

بەشداربون، بەڵکو خۆیان دروستکەری خۆپیشاندانەکانیش بون، لە دیارترین ژنە چالاکوانەکانی ڕاپەڕینی وثبە: خەدیجە مستەفا (فریشتە)، عەیشەگڵوکە، قەدریە عەبد جاسم، بەسێ قادر، عیففەت صالح محەمەد (عیففەت کاکەمەلا[10])، گوڵێ (دایکی سامی عەودالّی شاعیر)، فاتیمە بیلال، شوکریە مەجید مستەفا، لەعلیە تەها، فاتیمە قادر، ڕەحمە محەمەد صالح، عاسیمە بەهجەت ئاغا) بون، لە ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٤٨ دوای تەواوبونی ئاهەنگەکە، هێرشکرایە سەر دامودەزگاکانی حکومەت، ژنان بە بەرد و دار پەلاماریان دەدان (رەفیق، ٢٠١٢: ٨٦، ٩١، ٩٢). لەو بارەیەوە مامۆستا جەواد حەمەد بەگ دەڵێ" دەنگی پڕ سۆزی کچان و نەعرەتەی لاوان، هەمو تێکڕا هاواریان دەکرد "بۆ پێشەوە، بۆ پێشەوە، ڕەوڕەوەی مێژو بە جەبری جەبری ناوەستێتەوە" (سالح، ٢٠١٣،گ.شارەوان، ژ.(٢): ٢٥). ئەو نارەزایەتیانە دژی پەیمانی پۆرتسمۆث بو، کە حکومەتی سالح جەبر لەگەڵ بەریتانیا لە ساڵی ١٩٤٨، مۆری کردبو کە دواجار ڕوخانی حکومەت و هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکەی لێکەوتەوە (پەستەک سۆر، ٢٠١٧: ١٧).

کاتێکیش ساڵی ١٩٥٢ کۆمەڵەی پاراستنی مافی ئافرەتان دامەزرا، شاری کۆیە یەکێک لەو ناوچانەی کوردستان بو، زۆرترین ئەندام و لایەنگری کۆمەڵەکەی تێدابو، کە هەر دوای چەند مانگێ لە دامەزراندنی ڕێکخراوەکە، لە کۆیەوە پەیوەندی بە بەغداوە دەکەن و لقێکی لە کۆیە دەکەنەوە، لە ئەندامە دیارەکان: خەدیجە مستەفا (فریشتە)، عائیشە حەیدەری، جەمیلە مستەفا، بەسێ حەمەد، بەهیە (برازای عومەر دەبابە)، قەدریە عەبدجاسم، عیففەت کاکە مەلا، شوکریە مەجید، خاتو خانم...هتد بون (رەفیق، ٢٠١٢: ١١٦، ١١٧). هاوڕێ فریشتە بەرپرسی ئۆرگانەکانی کۆیەی ئەو ڕێکخراوە بو، کە ڕۆڵی بەرچاویان لە هۆشیارکردنەوە و بانگهێشتکردنی ژنان بۆ کۆڕی خەبات هەبو (جەلی زادە، ٢٠١٩: ٣، ٤). عیففەت کاکە مەلا لەو بارەیەوە دەڵێ: "کە ڕێکخراوەکەمان کردەوە، کۆبونەوەمان ئەنجام دا بۆ ڕێکخستنی ئیش و کارەکان، چوار لیژنەمان دروستکرد، هەر لیژنەیەک لە چەند ژنێک پێکدەهات و لە گەڕەکێک کاری دەکرد" ( ڕەفیق، ٢٠١٢: ١١٧ ؛ کاکەمەلا، ٢٠٢٠/١٠/٢٠: چاوپێکەوتن).

هەروەها ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیش، کە بەپێی زۆرینەی سەرچاوەکان لە ١٩٥٢/١٢/١١ دامەزراوە، (سورەیای مەلای گەورە[11]) یەکێکبوە لەو (١٠) ژنە ئامادەبوەی یەکەم کۆبونەوە، کە بۆ باسکردن لە دامەزراندنی ڕێکخراوەکە، لە سەعات (٢)ی دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە ماڵی میرزا غەفور لە سلێمانی ئەنجامدراوە (رەفیق، ٢٠١٢: ١١٨). بەو پێیە بێت یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکە، کچە کۆییەک بوە.

## باسی یەکەم: بەشداری ژنانی کۆیە لە کاری ڕێکخراوەیی لە ساڵانی ١٩٥٨١٩٧٥:

ئاشکرایە لە زۆربەی کاتەکاندا ڕەوشی سیاسی عێراق، ئارامی بە خۆیەوە نەبینیوە، هەمو حکومەتەکان بەرلەوەی دەسەڵات بگرنەدەست، پشتگیریان لە مافی کورد کردوە، دواتر بەڵێنەکانیان نەبردۆتە سەرو پاشگەزبونەتەوە (ئینگۆنۆیمایەر، ٢٠١١:٣٠). بەم هۆیەوە، گەلی کورد بەردەوام لە خەبات و تێکۆشان دابوە، لە پێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکان، لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و لە دامەزراندنی زۆربەی پارتە سیاسییەکانیش، کۆییەکان بەردی بناغە و دامەزرێنەر بون (سەیدبرایم، ٢٠٠٨: ٣١).

بێگومان وەک چۆن مێژوی پڕ خەبات و تێکۆشانی کورد، پڕیەتی لە ژنی ئازاو بەتوانا، کە ژنایەتی و کوردایەتیان کردوە بەدوانەیەکی پێکەوە گرێدراوی خەباتی ئازادی و یەکسانی، لە نمونەی: عادیلە خان، خانزادی سۆران، حەپسەخانی نەقیب، لەیلا قاسم...هتد، نمونەی ئەو ژنانەش زۆربون لە شاری کۆیەدا، کە خاوەن کەسایەتییەکی هۆشیار بون، بیرو هزری ئازادی و نەتەوایەتی بەردەوام لە ناخیاندا، گەشەی کردوە و کۆت و بەندەکانیان پچڕاندوە. لە نمونەی ئەوانە: عاسمە کوردستانی، ئایشێی خەمان، شافاتم، فاتمی بسک زێڕ، یا عیففەتی حاجیە گەورە، ئایشێی وەستا عەبدوڵڵای کورتاندرو، هەمینەخان، ئامینەخانی حەوێزی، ست خانە، فاتە قۆریتانی، مونیرە جەلیزادە، نەزەندخانی غەفوری، ست لوتفیەی مەلا سدیقی نازەنینی، مامۆستا ئایشەخان، زبێدەی غەیری، فەقێ عەیشێی بنجو، قانیعەی حاجی عەلی موختاری، ست ناجیەی شەرەف، ست حەمدیەی خێزانی شەعب، پلکە سوراحی، پیرۆز، یایە دایە(نەجیبەخانی مەلای گەورە)، ئۆیە(حەلیمەی کچی حاجی یاسینی دایکی ئەمین ئاغای ئەختەر)، یا عەیشان خێزانی حەماغا، زەینەب خان، حەزینە، عەیشەگڵوکە، خوشکە فریشتە، لوتفیە عەبدولقادر، ست خێریەی مەلای ڕەش، ماریا خەممۆ...هتد، ئەمانە چەپکێکن لە ژنانی وڵاتی کۆیە، کە هەریەکەو هەڵکەوتەی سەردەمی خۆیانن و لە زۆر بوار پێشەنگ بون، کە هەر یەکێک لەو ژنانە، شاکارێکی لە چالاکی مەدەنیدا هەبوە (سەیدبرایم،٢٠٢٠، ڕ.کوردستانی نوێ،ژ.(٨٢٠٠)).

ئاشکرایە ساڵی ١٩٥٨ لە کوردستان بەگشتی، تەنها دو پارتی (شیوعی و پارتی) لە کایەی خەباتدابون، ئەوانیش هەمیشە ناکۆک و لە دژی یەکبون(ڕەشاش،٢٠١٢،گ.کەکۆن، ژ.(٢٢): ١٢). بۆیە زۆربەی کات لە کۆیە، چالاکی و بۆنە نیشتمانییەکانیان بەجیا ئەنجام داوە، بۆ وێنە ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩ (شەورۆ،٢٠١٠،گ.کەکۆن،ژ.(١١):٢٠). هەردو پارتیش ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانیان دامەزراندبو، حزبی شیوعی لە ١٠ی ئازاری ١٩٥٢دا کۆمەڵەی (رابطة الدفاع عن حقوق المرأة في العراق)ی دامەزراند، کە لە سەرەتادا بە نهێنی کاریان کردوە (زهدی،٢٠٠٧: ٣٧). سکرتێرەکەشی دکتۆرە نەزیهە دلێمی[١٢] بوە، لە دوەم کۆنگرەیان ناوەکەیان بۆ کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراق گۆڕیوە(سەیدبرایم، ٢٠١٤،گ.کەکۆن، ژ.(٣٢): ٢). لقە کوردستانیەکەی ناوی (کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان/عێراق) بوە، کە کاریان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان و پێگەی ژن لە ناو کۆمەڵدا کردوە (قەرەداغی، ٢٠١٨: ٥٥). لەدیارترین ئەندامەکانی لقی کوردستان، عەیشەگڵوکە، ئەنجوم زوهدی، سامیە شاکر، ساکینە سلێمان، فەریدە یونس، ساکینە عوسمان، ڕەمزیە نادر، خانم زوهدی، خوشکە فریشتە، بەهیە مستەفا، دایکی ئامێز، سنەوبەر ئیسماعیل، زەکیە بابان...هتد، بون (ڕەفیق، ٢٠١٢: ١٣٥). لقی کۆیەی ڕێکخراوەکە لەلایەن خەجیجە

مستەفا (خوشکە فریشتە) بەڕێوەبراوە (ڕەفیق، ٢٠١٢: ١١٦). لەبۆنەو ئاهەنگەکان بەجلی کوردییەوە دەرکەوتوە و وتار و شیعری نیشتمانی خوێندۆتەوە (سەیدبرایم،٢٠٢٠، ڕ.کوردستانی نویێ،ژ.(٨٠٦٤)). هەروەها یەکێک بوە لە ئەندامانی شاندی کوردستان، کە لە ساڵی ١٩٥٨ بەشداریان لە کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەی بەرگری لە مافی ئافرەتانی عێراقدا کردوە، لەگەڵ هەریەکە لە (د.سامیە شاکرو ساکنە سلێمان و شوکریە حەمەدئەمین و ساجدە سەبری و سوعاد سەبری و زۆرانی تر) (مەشخەڵ، ٢٠١٩: ٢١، ٢٢).

بێگومان حزبی شیوعی عێراق لە کۆیە، ڕۆڵی بەرچاوی لە پێگەیاندن و بەشداری پێکردنی ژنان، لە کایەی سیاسی و ڕێکخراوەییدا هەبوە، هەروەها بە بیروباوەڕی یەکسانی پەروەردەی کردون (سەیدبرایم، ٢٠١٧:١٣؛ سەیدبرایم، ٢٠٢٠، ڕ.کوردستانی نویێ،ژ.(٨٠٦٤)). لەدیارترین ئەندامەکانیان لە کۆیە (خوشکە فریشتە، عەیشەگڵوکە، بەسێ حەمەد، عەیشێی قالە ڕەواندزی، جەمیلە مستەفا، عیففەت کاکە مەلا، کاترینا ابراهیم، عاصمە بەهجەت (مام هەژار، ٢٠٠٤،ڕ.هامون، ژ.(٤٩) عائیشە حەیدەری، بەهیەی براژنی عومەر دەبابە، قەدریە عەبدجاسم، شوکریە مەجید (ڕەفیق، ٢٠١٢: ١١٧) خاتو فاتمەی بیلالە فەندی، لەعلی خێزانی دلزاری شاعیر، عیسمەتی کاکەبەگ، زەکاوی سەید عەزیز، عیسمەتی عەبدئاغا، عیسمەتی حاجی یەحیا، جەمیلە یەعقوب (کاکەمەلا،٢٠٢٠/١٠/٢٠: چاوپێکەوتن) یا سەنیە، یا زبێدە، نەجیبەی خێزانی حەسەن کاکە، شادیە تاهیر مەعروف بون (نەسرین،٢٠٢٠: ژن تیڤی/بەرنامەی بیرەوەری). سستەر مریەمیش لەژێر چاودێری خوشکە فریشتەدا ماوەیەک کاری کردوە (باوکی ڕەسەن،٢٠١٥،گ.شارەوان،ژ.(٥): ٥٦، ٥٧). ئەو ژنانە ڕۆڵی بەرچاویان لە بانگهێشت کردنی ژنان بۆ کۆڕی خەبات و بەشداری ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان هەبوە.

بێگومان لیژنەکانی کۆمەڵەی مافی ئافرەتان، لە ڕێکخستنی حزبی جیابوە، سەرەتا چەند ژنێک لە ڕێکخستنەکانی حزبدا بون(کاکەمەلا،٢٠٢٠/١٠/٢٠: چاوپێکەوتن). مەرج نەبو هەمو ئەوانەی لە کۆمەڵەی مافی ئافرەتان بون، لە حزبی شیوعیش ئەندام بن، چونکە دەبوایە چەند مەرجێک لە کادیری حزبدا هەبوایە، لە سەروی هەموانەوە بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری بو(کەکۆن/گۆڤار،٢٠٠٩، ژ.(٤): ٩). لەگەڵ ئەوەشدا ژنانی حزبی شیوعی شانەی ڕێکخستنی تایبەت بەخۆیان هەبوە، کە خوشکە فریشتە لێپرسراویان بوە، لەو کاتەدا ئەندامی لیژنەی قەزاش بوە (پەستەک سۆر، ٢٠١٧: ٤٦). ئەو شانەیەی ژنانی ڕێکخستنی حزبی شیوعی لە: خوشکە فریشتە، جەمیلە عەلی ساعی، گوڵە دەروێش، عەیشەگڵوکە، عەیشێی قادر ڕەواندزی پێکهاتبو (ئەحمەد، ٢٠١٩: سایتی حزبی شیوعی). ئاشکرایە چالاکییەکانی ژنان لە ناو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی و مافی ئافرەتان، تەنها لە بواری سیاسی نەبوە، بەڵکو چالاکییە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان، لایەنێکی تری کارەکانیان بو، چونکە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە بەرنامەی حزبدا بوە، زۆرجار بەنهێنی ژنانیان لەماڵەکاندا کۆکردۆتەوەو باسی گرنگی خوێندەواری و مەترسی هەندێ لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: ژن بە ژنەو کچ بە زۆر بەشودان و ژن دان لە بری خوێن...هتد. یان کردوە، تا ژنان لەم ڕوەوە هۆشیاربن و ڕازی نەبن(ڕەفیق، ٢٠١٢: ١٣٧).

لەلایەکی دیکەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان، لە درێژەدان بەشۆڕش و ڕاپەڕین و جۆرەکانی تری خەبات، هەزاران ژنی ڕاکێشاوەتە کۆڕی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە شێک لەو ژنانە بەدرێژایی خەباتی

پارتی و شۆڕش، چونەتە ڕیزی ڕێکخستنی حزبی و پیشەیی و سەندیکا جەماوەرییەکان، چ ئەوانەی ڕاستەوخۆ ببونە ئەندامی یەکێتی ئافرەتان، یان لە چوارچێوەی ڕێکخراوی قوتابیان و مامۆستایان...هتد، کاریان کردوە (کاکەیی،١٩٩٧، گ.دەنگێک،ژ.(٣): ٣٨). ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، کە لە ١٩٥٢/١٢/١١ دامەزراوە، (زەکیە اسماعیل حقی)یش بەیەکەم سکرتێرەی ناسێنراوە، لەو ژنە کۆییانەی لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخراوەدا لەو سەردەمەدا ڕۆڵی دیار و بەرچاوییان هەبوە، بریتیبون لە: سورەیا خانی مەلای گەورە، زێباخانی مام واحیدی موختار (سەیدبرایم، ٢٠١٧: ١٢)، ئامینەی خوشکی کەریمە سوری، سەبیحەی عەبدە خەوە، پەروین تۆفیق (کاکەمەلا، ٢٠٢٠/١٠/٢٠: چاوپێکەوتن). نەجیبەخانی جەلیزادەش کە هەر لە دامەزراندنی پارتییەوە، بۆتە لایەنگرێکی دڵسۆز و ئەندامێکی چالاکی پارتی و ڕۆڵێکی کارای لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی لەڕیزی ژنان هەبوە، کاتێ کە ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیش دادەمەزرێ، بەنهێنی سەرۆکی لقی کۆیەی ئەو ڕێکخراوەی پێدەسپێردرێ (شارەزا،٢٠٠٨، گ.کەکۆن، ژ.(١): ٦ ؛ حەیدەری و ئەوانی تر، ٢٠١٤: ٨٣، ٨٤). لەساڵانی ١٩٥٨١٩٦٠ بەئاشکرا سەرۆکی لقی کۆیەی ڕێکخراوەکە بوە، بەناوی ڕێکخراوەکە لە ئاهەنگ و بۆنە نیشتیمانییەکان، وتاری خوێندۆتەوە و مێژوی بزوتنەوەی ژنانی کوردی بۆخەڵکەکە شیکردۆتەوە (ئەحمەد، ٢٠١٩: ٨٧ ؛ نەسرین،٢٠١٩: ژن تیڤی/ بەرنامەی بیرەوەری). جگەلە چالاکییە سیاسییەکان، لەناو ژناندا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و دورکەوتنەوە لە دابونەریتە کۆن و دواکەوتوەکان، ڕۆڵێکی باشی هەبوە، هەروەها لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و ڕێزگرتن لە ژنان و بەدیهێنانی یەکسانی ڕەگەزی و پەیڕەوی داب و دەستوری پێشکەوتو و سودبەخش ڕۆڵی بینیوە(شارەزا،٢٠٠٨،گ.کەکۆن، ژ.(١): ٦ ؛ حەیدەری و ئەوانی تر، ٢٠١٤: ٨٤). هەوڵی چەسپاندنی ئاشتی و تەباییشی داوە، جگەلەوە حەزی لە زانست و پەروەردەو هونەر بوە (جەلی زادە،٢٠٠٢،گ.کۆسار،ژ.(٢.٣): ٨٢). لەبارەی هەوڵەکانی نەجیبەخان لەپێناو هۆشیاری کۆمەڵگەدا، دانا جەلی زادە دەڵێ: "نەجیبەخان دەوری باڵای هەبو، لە ڕۆشنبیرکردن و پێگەیاندنی ئافرەتانی ئەو کات، دەتوانین بڵێین ژنانی ئەمڕۆ میراتگری نەجیبەخانن، چونکە ئەگەر ئەو یەکەمین هەنگاوی نەنابا، لەوانە بو زۆر بە تەئخیرەوە، ژنان هاتبانا کۆڕی خەبات و خوێندەواری" (نەسرین،٢٠١٩:ژن تیڤی/ بەرنامەی بیرەوەری). ئاشکرایە نەجیبەخان ڕۆڵی بەرچاوی لە جێگیرکردنی یەکێتی ئافرەتانی کۆیەدا بینیوە، هەوڵەکانیشی لەپێناو ڕۆشنبیرکردنی ژنان و قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری بوە، فریشتەخان لە دیدارێکدا کە لە گۆڤاری ڕاماندا بڵاوبۆتەوە دەربارەی نەجیبەخان دەڵێت: "نەجیبەخان خوشکی گەورە و مامۆستای کوردایەتیم بوە، هەمیشە ڕۆشنبیری سیاسی پێدەداین، لەبارەی مێژوی سیاسی و شۆڕشەکانی کوردەوە" (عەلائەدین، ٢٠١٤: ٣١٢). بەپێی ئەو قسەیە بێت ناکۆکی حزبی نێوان شیوعی و پارتی کاری نەکردۆتە سەر پەیوەندی و هاوکارییەکانی ژنان، هەر بۆیەش بەپشتیوانی و پرس و ڕاوێژ بە یەکتر هەوڵی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبری و نەتەوایەتی ژنانی شارەکەیان داوە.

لەراستیدا یەکێک لە شێوازە کاریگەرەکانی بەشداری سیاسی لەو سەردەمەدا، خۆپیشاندان و مانگرتن و ڕێکخستنی مانگرتنەکان بوە، لەپێناو چاککردنی بارودۆخی ژیان، جگە لە ناڕەزایی بەرامبەر سیاسەتی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان (بێ ناوی نوسەر، ٢٠٠٨: ٩١). هەر بۆیە لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی کۆیە، چ

لەسەردەمی پاشایەتی و دواتریش لەسەردەمی کۆماریدا، ژنان هاوشانی پیاوان، چالاکانە بەشداری هەمو خۆپیشانداندان و مانگرتنێکیان کردوە، بە چارۆگەکانیان بەردیان بۆ خۆپیشاندەران کۆکردۆتەوە و قوربانیان داوە و دراونە دادگای عورفی(سالح، ٢٠٠٩: ٣٢٩- ٣٣١).

لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، بەڕێبەرایەتی عبدالکریم قاسم، گۆڕانکارییەکی گەورەی لە مێژوی عێراقی هاوچەرخ هێنایەکایەوە، بەسەدان هەزار خەڵکی ڕاکێشایە کۆڕی تێکۆشان، ڕوخانی حوکمی پاشایەتی و دروستبونی کۆمارێکی نیشتمانی سەربەخۆی لە شوێنیدا چەسپاند، کە لە پەیمانی بەغدای ١٩٥٥ کشایەوە، گەلی کوردیش زیاتر باوەڕی بەخەباتە ڕەوایەکەی خۆی پەیداکرد(سالح،٢٠١٣،گ.شارەوان،ژ.(٢): ٢٦ ؛ دلزار، ٢٠١٩: ١٨٤). دوای ئەوەی ئەنجومەنێکی سێ کەسی پێکهێنرا، بۆ ڕازیکردنی هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عیراق، لە کورد و سوننە و شیعە، (خالد نەقشبەندی) وەک نوێنەری کورد لەو ئەنجومەنەدا دانرا، کورد بە جۆشەوە پشتگیرییان لە شۆڕش و ڕژێمەکەی قاسم کرد، کە ڕێگەی دا بە گەڕانەوەی سیاسییە دورخراوەکان و تاڕادەیەکیش ئازادی سیاسی و ڕۆشنبیری فەراهەم کرد(مار، ٢٠١١: ١٣٨، ١٦٤).

لە شاری کۆیەش، هاووڵاتیان بەگشتی پێشوازییەکی گەرمیان لە شۆڕش کرد(تەیب، ٢٠٠٨: ٢٢٠). "بەیانی ١٤ی مانگ لەپڕ ئیزاعە دەنگی شۆرشی بەرزکردەوە خەلق وروژان، ئەو سبەینە دنیا چەشنێکی تر بو، دەنگی شۆڕش دلێر بو" (محەمەد، ٢٠٠٩: ٣٢٤). لە ڕاستیدا ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانە، دەنگە ئازادەکانی بەرەو لوتکە برد، ئەوەش سەرەتای دەرگایەکی نوێی بەرەو ڕوی خەبات و تێکۆشانی ژنانی کۆیە کردەوە، ئیتر خاتو فریشتە و هاوڕێکانی بەشێوەیەکی ئاشکرا و دور لەترسی ڕاوەدونان و گرتن کەوتنە چالاکی، لە ئاهەنگەکانی سەرکەوتنی شۆڕشدا، لەناو ئاپۆرای خەڵکدا بە خوێندنەوەی شیعر و پێشکەشکردنی وتاری بەجۆش بەشدارییان دەکرد، جۆش و خرۆشێکی شۆڕشگێڕانەیان لا دروست ببو، لەهەمو کۆڕ و کۆبونەوەکاندا بەشداریان کردوە و هوتافیان بۆ سەرکەوتنی شۆڕش کێشاوە(جەلی زادە، ٢٠١٩: ١٣). بێگومان شۆڕش جۆش و خرۆشێکی هەمیشەیی بە سیاسەت بەخشیوە، بەهەردو باڵی چەپ و نەتەوایەتییەوە (عەونی،٢٠١٩: ٤٠). خاتو خێریە عەبدولرەحمان وەک نوێنەری پارتی و خوشکە فریشتە وەک نوێنەری حزبی شیوعی هاتونەتە سەر شەقام و خەڵکیان بۆ پشتگیری شۆڕش هانداوە (حەمەدبەگ، ٢٠٠٧: ١٠٨).

سەردەمی دوای شۆڕش، بزاڤی ژنان کەوتە قۆناغێکی نوێی ڕێکخستنەوە، ڕێکخراوەکانی ژنان هاتنە مەیدانی تێکۆشانی ئاشکرا و بەهەزاران ژن بونە ئەندام، ڕۆژانە بەشداری کۆڕ و کۆبونەوەکانیان کردوە، لە پێناو داواکارییە پیشەیی و ئابوری و ڕۆشنبیری و خزمەتگوزاری و نەهێشتنی جیاوازییە ڕەگەزییەکان، خەباتیان کردوە، ئەو سەردەمە ڕۆڵی کچە خوێندەوار و ڕۆشنبیر و بەتوانا و ناودارەکانی کۆیە بەرز دیارە، بەتایبەت کچانی مەلای گەورە و عەیشەگڵوکە و خوشکە فریشتە...هتد(مەشخەڵ، ٢٠٠٩ ب.(٦): ٢٣٣٩).

بێگومان ئەوکات کۆمەڵەی ئافرەتانی شیوعی لەهەمو شارەکان لقیان کردبۆوە و کەوتبونە چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی (قەرەداغی، ٢٠١٨: ٥٦ ؛حاجی، ٢٠٢٠: سایتی حزبی شیوعی). بارەگایان لە کۆیە کەوتبوە پشت کۆنە کتێبخانەی کۆیە (دەباغ، ٢٠٠٩ ب.(٩): ٤١٦٦). یەکێتی ئافرەتانیش پەرەی سەند و لە کۆر و کۆبونەوەی سیاسی

و کۆمەڵایەتییەکان خۆیان سەپاند (کاکەیی،١٩٩٧،گ.دەنگێک، ژ.(٣): ٤٠). لە ماوەی ١٩٦٦١٩٧٥ بارەگای تایبەتیان هەبوە، چەندین ژن کاریان تێدا کردوە، لەوانە: یاناجیەی دایکی دلێر تاقانەی، حەلاو قادر، ست گەوهەر، ست ناسکە، خاتو پەروین، ست نەجات، ست گولیزار، ست نیشتمان ...هتد (حمد[١٣]،٢٠٢٠/١١/١٠: چاوپێکەوتن).

لە ٨/ ٣/ ١٩٥٩دا، شاندێکی ژنان، وەک نوێنەری کۆمەڵەی مافی ئافرەتانی کۆیەی حزبی شیوعی، سەردانی بەغدا و عبدالکریم قاسمیان کرد، بەجلی کوردییەوە لە کۆڕ و کۆبونەوەکاندا ئامادەبون(جەلی زادە، ٢٠١٩: ٢٥؛ کاکەمەلا،٢٠٢٠/١٠/٢٠: چاوپێکەوتن). ئەو شاندە لە: خوشکە فریشتە و قەدریە عەبد و عیففەت کاکە مەلا پێکهاتبون، بۆبەشداری لە کۆنگرەی یەکێتی ئافرەتانی عێراق چوبون (کاکەمەلا،٢٠٢٠/١٠/٢٠: چاوپێکەوتن). لەوێدا خوشکە فریشتە وەک کارگێری لیژنەی باڵای ڕێکخراوەکە هەڵبژێردرا، لە مانگیی٥ی ١٩٥٩ بانگهێشتنامەیەک بۆ بە شداری لە کۆنگرەی دەیەمی ژنانی گشتی جیهان لە چین، بۆ خوشکە فریشتە و ست ناجیەی عەزیز ئاغای هاتوە (ڕواندزی، ٢٠٠٥: ٢٤٢). خوشکە فریشتە، وەک نوێنەری ژنان سەردانی چەندین وڵاتی کرد، لە هەمو سەردانەکانیش بەرگری لە کێشەی ڕەوای نەتەوەی کورد و مافی ژنان کردوە، لەو وڵاتانە: ئێران، پاکستان، هیند، چین، کۆریا، ڤێتنام، ئەڵمانیا، یەکێتی سۆڤیەتی جاران، تایلاند، تورکیا، یۆنان، ڕۆمانیا، بولگاریا، بەڵام کۆنگرە و سەردانەکەی چین لە هەموان گرنگتر بوە (مام هەژار،٢٠٠٤،ڕ.هامون، ژ.(٤٩)). کە لەگەڵ شاندێکی ژنانی عیراقدا، کە لە پێنج ژنی عەرەب و دو ژنی کورد پێکهاتبون، لە سەر بانگهێشتی ڕێکخراوی ژنانی چین، بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ژنانی چین سەردانی ئەو وڵاتەیان کرد (عەلائەدین، ٢٠١٤: ٣١٥). دکتۆرە سالمە فەخری سەرۆک و ئەندامانی شاندەکەش بریتیبون لە: پارێزەر نەعیمە وەکیل و ئینعام دلێمی و نەزیهە دلێمی و ناهیدە عەبایەچی و وەفیە ئەبو قلام (شاعیر)، خوشکە فریشتە وەک نوێنەری کۆمەڵەی ئافرەتانی شیوعی و ناجیە عەزیزیش وەک نوێنەری یەکێتی ئافرەتانی پارتی بەشداربون (فریشتەیکۆیی، ٢٠٠٥: ٥١). بەجلوبەرگی کوردی و شێوازی کلتوری کوردییەوە، لە ١٩٥٩/٦/١ بۆ ماوەی دو مانگ لە گەشتەکە بەردەوام دەبن(سەیدبرایم، ٢٠٠٨: ١١٥). لەو ماوەیەدا ١٣ وڵاتی سەر بە بلۆکی چەپیان بەسەر کردۆتەوە، خوشکە فریشتە لە بارەی گەشتەکەیەوە دەڵێت: "سەرەتا چوینە دیداری عبدالکریم قاسم و لە بارەی گەشتەکەمان و هەڵوێستی عیراقەوە ڕێنمایی کردین، دوایی بەفڕۆکە چوینە تاران و دو شەو ماینەوە، دواتر چوینە کراتچی و دو ڕۆژیش لەویَ ماینەوە و چاومان بەچەندین شاندی ژنان کەوت، لەوێوەش بۆ بۆڕما و دواتریش بەهۆی ڕەوشی کەشوهەوا فڕۆکەکەمان ڕوی کردە تایلاند، ئینجا چوینە پەکینی پایتەختی چین، لە میوانخانەیەکی گەورەی چەند نهۆمی پێشوازیمان لێکرا" (جەلی زادە، ٢٠١٩: ١٥، ١٦).

لە هۆڵی کۆنگرەشدا، لە نزیکی سەرۆک وەزیرانی چین (شو ئین لای) دانیشتون، لە کاتی خۆناساندن، گوتویانە کە ئەوان کوردن و لە عەرەب جیاوازن، هەروەها هەوڵیان داوە کلتور و کەلەپوری کوردیان پێ ئاشنا بکەن، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەو دو ژنە کوردە لەوێدا لەسەر شێوە و ناوەڕۆکی وتارەکەیان ناکۆک دەبن، تەنانەت مشتومڕ و ناکۆکیان لە نێوان دروست دەبێ(سەیدبرایم، ٢٠٠٨: ١١٥، ١١٦). دیارە وتارەکە تەنها باسی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی تێداکراوە، باسی شۆڕش و خەباتی پارچەکانی تری کوردستانی تێدانەبوە، بۆیە خوشکە فریشە وتارەکەی پێ باش نەبوە و بەناجیە خانی گوتوە: "خوشکم کوردستان هەر سلێمانی نییەو

ڕوبەرێکی زۆر گەورەی هەیە، وا ڕاستە باسی شۆڕشەکانی هەمو لایەکی کوردستان بکەی، تاوەکو خەڵکی ئێرە و هەمو میوانەکان لە کێشەی کورد بگەن و بزانن لە کەیەوە خەریکی خەباتی سیاسیە" دوای گفتوگۆی زۆر، ئینجا ڕێکدەکەون لە سەر دەسکاریکردنی، بە شێوەیەک وتارەکەیان باسی شۆڕشەکانی کورد، هەر لە شۆڕشی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری ١٨٨٠ تا شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لەخۆبگرێت، لە گەڵ ناوهێنانی ژنە ناودارەکانی کورد (فریشتەیکۆیی، ٢٠٠٥: ٥٦). دوای ئەوەی لەسەر وتارێکی یەکگرتو ڕێکدەکەون، لەلایەن ناجیە عەزیز دەخوێندرێتەوە، باسی تەواوی شۆڕشەکانی کورد دەکەن و کەسایەتییە دیارەکان و ژنە ناودارەکانی کورد دەناسێنن(سەیدبرایم، ٢٠٠٨: ١١٦). خوشکە فریشتەش لە کۆنگرەکە، دو پارچە شیعر دەخوێنێتەوە، کە یەکیان پارچە شیعرێکی دڵزاری برای بوە، بە ناوی (چین)، دوەمیان هۆنراوەیەکی خۆی دەبێت بەناوی شۆڕشی ١٤ی تەموز، کە دەبێتە جێی سەرنجی بەشداربوان، ئەم بەشداریکردن و وتار خوێندنەوەیە لەو کاتەدا بایەخی سیاسی خۆی هەبوە (فریشتەیکۆیی، ٢٠٠٥: ٥٨). خوشکە فریشتە بەجلوبەرگی کوردی و سەرو کڵاو و مێخەک بەندەکەیەوە، سەرنجی سەرۆک وەزیرانی چین (شو ئین لای) ڕادەکێشێ، لەناو هەمو ژنەکان لەو دەپرسێ کە کێیە؟ ئەوانیش دەڵێن "کچی جوتیارێکە لە کوردستانی عێراقەوە هاتوە، ئەویش بەسەرسامیەوە دەڵێ: جلوبەرگەکەی لە هاوسەری ئیمپراتۆرەکان دەچێت نەک کچە جوتیار" (فریشتەیکۆیی، ٢٠٠٥: ٥٣،٥٤ ؛ جەلی زادە، ٢٠١٩: ١٦، ١٧). هەر لەو گەشتەدا و لە دوای کۆنگرە، سەردانی ڤێتنام و کۆریای دیموکراتی – باکور و سۆڤیەت دەکەن(جەلی زادە، ٢٠١٩: ١٧). دواتریش بەڕێگای دانیمارک و ئەڵمانیای دیموکراتی و نەمساو تورکیا و لوبنان دەگەڕێنەوە بەغدا (فریشتەیکۆیی، ٢٠٠٥: ٦٤). لە کاتی گەڕانەوەشیاندا لە ٢٨ی ئابی ١٩٥٩، لە ئاستی باڵا، لە فرۆکەخانەی نێوەدەوڵەتی بەغدا پێشوازییان لێکراوە (جەلی زادە، ٢٠١٩: ١٨). بۆ جارێکی تریش لە ساڵی ١٩٧٦دا کە یەکێتی ئافرەتانی عێراق، لەلایەن حکومەتی ڕۆمانیاوە بانگهێشت دەکرێن، خوشکە فریشتە یەکێک لە ئەندامانی ئەو شاندەبوە، ئەو سەردانەشیان دو مانگی خایاندوە(رواندزی، ٢٠٠٥: ٢٤١).

لەلایەکی ترەوە، کاتێک لەساڵی ١٩٦٢ یەکێتی قوتابیانی پارتی لە (ئەشکەفت خەجۆر)، کە دەکەوێتە دامێنی چیای باواجی، ئاهەنگی نەورۆز ئەنجامدەدەن، کە ئەو کات جەعفەر عبدالواحید لێپرسراوی لقی کۆیەی ڕێکخراوەکە بوە، تاک تاک و دور لە چاوی سیخورەکانی دەسەڵات بۆ ئاهەنگەکە ڕۆیشتون، ڕێژەیەکی زۆر لە کچان و کوڕان تێیدا بەشداربون، ئێوارەش بەدەم سرودی نیشتمانی و چەپڵەلێدان بەرە و کۆیە گەڕاونەتەوە، لەو قوتابیە کچانەی ئەو کات لە ریزی ڕێکخراوەکە کاریان کردوە: نەرمین عوسمان[١٤]، نیشتمان ئەحمەد، نازەنین ئەحمەد، گوڵێ سەید حوسێن، گەلاوێژ عەبدولرەحمان، خێریە عەبدولرەحمان بون (کەکۆن/گۆڤار، ٢٠١٢،ژ.(٢١): ٢٠). ئەو ڕێکخراوە کە لە ١٨ی شوباتی ١٩٥٣دا کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندنی بەستبو، تا ساڵی ١٩٥٨ ڕێژەی بەشداری کچان تیایدا زۆر کەم بو، بەهۆی کەمی خوێندکارانی کچ، هەروەها کارکردن بەنهێنی و تازەیی ڕێکخراوەکەش، بەڵام دواتر هەندێ لە کچان چونەتە ڕیزەکانی ڕێکخراوەکە، سورەیای مەلای گەورە ئەو کات لەگەڵ ئەوەی ئەندامی پارتی و ڕێکخراوی ئافرەتانیش بو، لەهەمان کاتدا لە ڕیزەکانی قوتابیانیش کاری کردوە(رەفیق، ٢٠١٢: ١٤٢).

کاتێکیش کە شۆڕشی ئەیلول لە بەرەبەیانی ١١ ی ئەیلولی ١٩٦١ هەڵگیرسا، بەڕای ماموستا عەبدولکەریم عەبدولا حەویزی لە کۆیەوە دەستی پێکردوە، چونکە پێشمەرگە سنورەکەی لە ژێر دەست دابوە، تەنانەت بازگەشیان لە تۆبزاوا داناوە، هەروەها بارەگایان لە هەیبەت سولتان بوە (حەوێزی،٢٠١٣،گ.کەکۆن، ژ.(٢٨): ١٣). لە هەمانکاتدا ماموستا مەسعود محەمەدیش پێیوایە کێشەکە لە کۆیەوە سەریهەڵداوە و دواتر تەشەنەی کردوە (ئەحمەد، ٢٠١٧: ١٤٦). ئیتر شارەکە بەر شالاوی بۆردومانی فڕۆکەکانی ڕژێمی ئەو سەردەمە کەوت و کوژراو بریندراری لێکەوتەوە(کەکۆن/گۆڤار، ٢٠١٢، ژ.(٢١): ٢٠). کاتێک لیوای سێی هێزەکانی ڕژێم بەرەو شارەکە دێن، کە زۆرینەی ئەفسەرو سەربازەکانی فەوجی سێ ئەو سوپایە کورد بون، حەمید ڕەشاش یەکێک بوە لەو سەربازانە و سەر بە ڕێکخستنەکانی پارتی بوە، دەڵێ: "حەزم دەکرد دەنگوباسی ناو شار بزانم، بە فێڵی نان و ئاو پەیداکردن ڕوخسەتم لە ئامر سریەکەم خواست، دو سەربازی کوردم لە ئەندامانی حزب لە گەڵ خۆمدا بردو چومە ناو ئەو گەڕەکەی بەرامبەر بەنزینخانەکەوە، لە دەرگای ماڵێکمان دا، ماڵەکە گەورە بو دەرگای دو دەری بو، کچەکی (١٤- ١٥) ساڵی دەرگای کردەوە، بۆ ئەوەی نەترسێ، من گوتم: داکە ئێمە سەربازین و کوردین، هاتینە دو سەتڵ ئاومان بدەنێ، ئەو کچە سەربەرزە زۆر بەبێ ترسی، گۆتی ئێوە کوردن بەخێربێن، ئاوتان دەدەمێ، سەربازی کوردی بەغیرەت لەمەو دوا نابێ هاوکاری ئەو حکومەتە بۆگەنە بکات، وەرە بزانە مندالانی کورد لە ترسی بۆردومانی فڕۆکە هەموی نەخۆش کەوتن، چەند قوتابیەکیش بریندار بوە، فڕۆکە لە قوتابخانەکەیانی داوە، من زۆر سوپاسم کرد بۆ ئەو هەستە بەرزەی، تا ئێستاش قارەمانیەتی ئەو کچەم لەبیرناچێ" (رەشاش،٢٠١٢،گ.کەکۆن،ژ.(٢٢): ١٢ ١٤). بێگومان ئەوە ورە بەرزی و نەتەوەخوازی ژنی ئەم شارە دەسەلمێنێ، لە کاتێکدا بارودۆخەکە پڕ مەترسی بوە، بەڵام چاونەترسانە ڕوبەروی سەربازەکان بۆتەوەو دیدو تێڕوانینی خۆی ئازایانە دەربڕیوە.

لە شۆڕشی ئەیلولدا، ئەندام و لایەنگرانی یەکێتی ئافرەتان، ڕۆڵی بەرچاویان لە پروپاگەندەکردن و ڕێکخستنی ناو شارەکان هەبو، هەروەها لە کۆکردنەوەی کەلوپەل و خۆراک بۆ پێشمەرگە ڕۆڵی کارایان گێڕاوە، جگەلەوەی چەندان ژنی چاونەترس ئەرکی تەتەریان بۆ گەیاندنی پەیام و بەیاننامەو ڕۆژنامەو گۆڤاری شۆڕش لە ئەستۆ گرتوە (کاکەیی،١٩٩٧،گ.دەنگێک، ژ.(٣): ٤١). ئەو کاتەش بەتایبەت لە ساڵی ١٩٦٢ حزبی شیوعی دروشمی (نا بۆشەڕ، ئاشتی بۆ کوردستان)یان، هەڵگرتبو لەژێر ئەو دروشمە ئەندام و لایەنگرانیان چالاکیان دەنواند (ئەحمەد، ٢٠١٤، گ.کەکۆن،ژ.(٣٢): ١٨).

هەروەها ژنانی کۆیە بە تایبەت کەس وکاری پێشمەرگە دەبوایە نان و خواردن بنێرنە شاخ، شەوانیش ئێشکچی پشت دەرگای ماڵەکانیان بن، نەکا هاوسەر یان کوڕە پێشمەرگەکانیان لە ناکاو بێنەوە و دەرگا داخرابێ، کاتێکیش شەوان دو تەقە لە شاردا بکرایە، بەیانیەکەی جاش و سەرباز بەسەر ماڵەکانیاندا دەدان، نمونەی دیاری ئەم نەهامەتیانەش (زەوەی کەریمی زاهیری گۆدەی[١٥])یە کە هەر بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێش بەخۆی و بارە خۆراکەوە لە دوای هاوسەرو کوڕەکانی بوە(باوکی ڕەسەن،٢٠١٥،گ.شارەوان، ژ.(٥): ٤٩). هەر لەو بارەیەوە حەسەن کاکە دەڵێ: "ڕۆژێ لە گوندی پیرەری سەر ڕێگای کۆیە هەولێر بوم، شەهید ئایشەگڵوکە و

نەجیبەی هاوسەرم و بەیانی کچم بە مەنجەڵە خواردنەوە هاتنە دیدەنیم" (٢٠١٣: ٦٦). بێگومان ئەوە شێوازی ژیانی زۆرینەی ژنان بوە، کە هەردەم لە خەمی هاوسەرو باوک و براکانیان بون و ژیانی خۆیان دەخستە مەترسییەوە. جیاوازتر لە زۆرینەیان، عەیشەگڵوکە خەمی حزبی شیوعی گرتبوە کۆڵ، وەک پۆستەچییەکی گورج و گۆڵ لە شارو لادێ بڵاوکراوە و بەیاننامە و نامە چوکلێتیەکانی هێناوەو بردوە، لە پەنجاکانەوە تا سەردەمی ڕژێمی بەعسیش، ئەڵقەی بەستنەوەی پەیوەندی حزبی بوە (سەیدبرایم،٢٠١٤،گ.کەکۆن، ژ.(٣٢): ٣).

ساڵی ١٩٦٣ لە کۆیە بە (ساڵی حەرەس قەومی[١٦] یان ساڵی بەعسییان یان ساڵی هەڵات هەڵات) ناسراوە، کە لاپەڕەیەکی خوێناوییە لە مێژوی شاری کۆیە، چونکە پشێوی و ئاژاوە و کوشتار و شەڕ و ڕەشبگیری و تاڵانی و قەدەغەی هاتوچۆی لەگەڵ خۆی هێنا، بەعس لەڕێگەی فەرماندەیی ئەفسەرێکی موسڵاوی بەناوی (تەها شەکرچی)، چەندین تاوان و کوشتاری بە جۆرەها شێوازی جیاواز ئەنجامدا، تەنانەت لە ناوەڕاستی شاردا چەندین کەسیان بە دینگەوە هەڵواسی و گوللەبارانیان کردن، جگە لەوە چەندین تاوان بەرامبەر خەڵکی گوندەکان ئەنجامدرا، بەتایبەت کێلە سپی و سماقولی...هتد (سەیدبرایم، ٢٠١٤: ٥٣، ٥٤). لە شوێنی باخچەی سەیدبرایم کە ئەو کات گۆڕستان بوە، بە کۆمەڵ تەرم و کوژراو هەڵدراوەتەوە(سەیدبرایم، ٢٠١٨: ٢١). هەروەها کەوتونە ڕاوەدونان و گرتنی ئەو ماڵ و خێزانانەی کەسێکیان داواکراو بو، بەهۆی دەرکردن و تاڵانکردنی ماڵەکان، بەشی زۆری خەڵک بەکۆی خێزانەوە ڕویان لە گوندی سماقولی گەلی کردبو، بۆیە تەها شەکرچی هێرشی دەکاتە سەرو دەیسوتێنێ(پەستەک سۆر، ٢٠١٧: ٥٧، ٥٨). لەو ماوەیەدا بارودۆخی شارەکە بەتەواوی تێکچوە، خەڵک لە ترس و دڵەڕاوکێ ژیاوە، سەرباری بەردەوامی تەقە و هێرشکردنە سەر ماڵان، خەمی دابینکردنی پێداویستییەکانی ماڵ و منداڵیش بەتەواوی کەوتۆتە ئەستۆی ژنان، کەلوپەل و پێداویستی خواردن و ژیان زۆر بەزەحمەت دەستکەوتوە، زۆربەی خێزانەکانیش هەژارو دەستکورت بون، بەتەواوی ئابڵوقەی ئابوری خراوەتە سەر شارەکە(باوکی ڕەسەن،٢٠١٥،گ.شارەوان،ژ.(٥): ٤٩، ٥٠). ئاستی بژێوی و ژیانی خەڵک زۆر خراپ بوە و چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێناوە، حەرەس قەومیش بۆ هەر شوێنێ چوبن، بەروبومە کشتوکاڵییەکان و مەرو ماڵاتیان بە تاڵان بردوە، جگە لە سوتاندنی خانو، کوشتن و زیندانیکردنی خەڵک (طیب،٢٠١٥،گ.کەکۆن،ژ.(٣٩): ١٨). دروشمی هێرشەکەیان "سەر بۆ حکومەت و ماڵیش بۆ هێزەکان" بوە، بۆیە لەناو شارەکان بەرامبەر خەڵکی بێدەسەڵات و کەسوکاری پێشمەرگە تاوانی زۆریان ئەنجامداوە، بە بەردەوام شەوان هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵان (ڕەشاش،٢٠١٦،گ.کەکۆن، ژ.(٤٠): ١٣، ١٤).

بەهۆی ئەو ڕەفتارانە، حزبی شیوعی بڕیاری خەباتی چەکداری دەدات، ئەوکات بنکەیان لە کەڵکە سماق دادەنێن(کاروان شوانی، ٢٠١٨: ١٦٤). ژنانیش لەو قۆناغەدا چەندین کارو ئەرکیان لە ئەستۆ گرت، کە هەندێکیان بە پیاوان ئەنجام نەدەدران، بەتایبەت کە لە چاوی پۆلیس و سیخوڕەکانی حکومەت، کەمتر گومانیان لەسەربو، ئەوە ببوە هۆی ئەوەی کە گرانترین و نهێنیترین ئەرکەکانی ناو شاریان پێ بسپێردرێت، هەر لە گواستنەوە و گەیاندنی بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤار و بەیاننامە و نامەکان، کە ئەوانە لە ترسناکترین چالاکییەکان بون، بە ئاشکرابونیشیان مەترسی لە سەر ژیانیان دروست دەبو(ڕەفیق، ٢٠١٢: ١٣٦). هەروەها بەگونیە ساوار و برنج و

ئارد و تەنانەت شەكر و چاشیان كۆدەكردەوە و بۆ بنكەكانی هێزەكانی پێشمەرگەیان دەنارد(دڵزار، ٢٠١٩: ٢٢٥). ئاشكرایە لە كاتی شۆڕش و خەباتی نهێنی، ژنان بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ بەشداری شۆڕشیان كرد، لە هاوكاری ماددی و مەعنەویدا ڕۆڵی كاریگەریان گێڕاوە (قەرەداغی، ٢٠١٨: ٧٦). هەرچەندە نكۆڵی لە ڕۆڵ و كاریگەری بەشداری ژنان لە بزوتنەوەی نیشتمانیدا ناكرێ، بەڵام بەشداری بەشێوە ڕاستەقینەكەی بۆ پیاوان و ژنانیش پەیوەستە بەبارودۆخی كۆمەڵگە و ڕێژەی ئەو ئازادی وسەربەستی و دیموكراسییەی لەڕوی سیاسییەوە پێیدا تێدەپەڕێ (عزیز، ٢٠٠٥: ٢٩). بۆیە خەبات و چالاكی سیاسی بەردەوام نەبوە، بەڵكو بارودۆخی سیاسی ناوچەكە، ڕۆڵی لە بەردەوامی و كپ بونی خەبات و چالاكییەكاندا هەبوە.

لەگەڵ ئەوەشدا خوشكە فریشتە ڕای وایە: ژنی كورد نەخشی بەرچاوی لە بواری تێكۆشاندا هەبوە، ئەلقەكانی پەیوەندی ڕێكخستنەكانی شارو شاخیان بەیەكەوە گرێداوە، لە شارانەوە هەواڵ و دەرمان و پێداویستی جۆراوجۆریان گەیاندۆتە برا پێشمەرگەكانیان، بەرپەرچی پڕوپاگەندە و دەزگاكان و پیاوانی ڕژێمیان داوەتەوە، دەستی هاوكاری و یارمەتیان بۆژنانی لێقەوماو و هەژار درێژكردوە، لە هەمو بواركاندا پاڵپشتی پێشمەرگە و ڕێكخستنەكان بون(مام هەژار، ٢٠٠٤، ر.هامون، ژ.(٤٩)؛ مام هەژار، ٢٠١١: ٣٥).

كاتێک ساڵی ١٩٦٧ كۆنفرانسی حزبی شیوعی لە گوندی داربەسەر بەستراوە، خوشكە فریشتە هاوڕێ لەگەڵ حەسەن كاكە و بەكر مەنسور، بۆ هەڵبژاردنی لیژنەی ناوچەیی، نوێنەری شاری كۆیە بون، كە خوشكە فریشتە لەپاڵ چەند پیاوێكی هاوڕێی بە ئەندامی لیژنەی قەزای كۆیە دانراوە، لەو كاتەشدا كە حزبی شیوعی لە هەوڵی پێكهێنانی بەرەیەک بو لە گەڵ حزبی بەعس، لەوێدا خوشكە فریشتە و چەند كەسێ لە هاوڕێیانی نارەزایی بەرامبەر دروستكردنی ئەو بەرەیە دەردەبڕن، كە دواتر هەر ئەم بەرە هاوبەشە گورزی كوشندەی لە پێگەی جەماوەری حزبی شیوعی لە كوردستان وەشاند (كاكە، ٢٠١٣: ٥٠، ٥١،٥٥، ٥٦).

هەروەها كاتێک لە ١٠/ ٦/ ١٩٧٠ ڕێكخراوێكی سیاسی نوێ بەناوی كۆمەڵەوە، لە بەغدا دروست بو، ژنانی كۆیە هاوشانی پیاوان بەشداری سەرەتاكانی دامەزراندنی بون، لە ژنە سەرەتاییەكانی ناو ئەو ڕێكخراوە: خاتو نەرمین عوسمان حەسەن و پڕشنگ محەمەد و خەرامان خان (عەبدولقادر، ٢٠١٧: ١٠٩، ١١١). هەروەها ڕوناك شێخ جەناب و ڕوپاك حەسەن و دڵگیر جەمال ڕەفعەت و وەسفیە بەنی وەیس و حەلاوەخانی پورزای سالار عەزیزو ڕوناك عەزیزی خوشكی سالار عەزیز، نەرمین خان كۆمەڵێک شانەی كوڕی لابوە، كە خوێندكاری زانكۆ بون، لەو ژنە چالاكانە بوە كە ئەركەكانیان بە زیادەوە بە ئەنجام گەیاندوە (بێ ناوی نوسەر، ٢٠١٣: ١٦٢). دەربارەی بەشداری و چالاكی نەرمین خان لە كۆمەڵەی ڕەنجدەران، ئەرسەلان بایز، دەڵێ: "دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول ڕایانسپاردم بایەخی زۆر بە نەرمین خان بدەین، كە یەكەمین ژن بوە لە كوردستان پەیوەندی بە كۆمەڵەوە كردبو، كادیرێكی زۆر لێهاتوە و ئایندەیەكی زۆر باشی هەیە" (ئیسماعیل، ٢٠٠٥: ٤٣). سەرباری ئەوەی ساڵی ١٩٧١ بەئەندامی سكرتاریەتی یەكێتی ئافرەتان هەڵبژێردراوە، لەولایەشەوە كارەكانی بەڕێكوپێكی ئەنجامداوە (ئەسەسەرد و ئەوانی تر، ٢٠١٣: ٧٧٣). (نازەنین عوسمان[١٧])یش كە سەرەتای كارەكانی لەڕیزی خوێندكارانی شیوعی دەستپێكردوە، لە پۆلی دوەمی كۆلیژی ڤێرتێرنەری لە موسڵ دەچێتە ڕیزەكانی كۆمەڵەی

ڕەنجدەران، دوای ئەوەی ڕێکخستەکانیان گەشەدەکات، خۆی سەرپەرشتی هێڵی کچان دەکات و چەندان کچ دێنێتە ڕیزەکانی ڕێکخستنەوە، لە کارەکانیان بەردەوام دەبن تا ئاشکرابونیان (کوردستانی نوێ/ ڕۆژنامە،٢٠١٨،ژ.(٧٧١٩)). بەم شێوەیە ژنانی کۆیە لە دروستبونی زۆربەی پارت و ڕێکخراوەکاندا پشکیان هەبوە، خەباتی سیاسیان کردوە، تا لەو ڕێگەیەوە خزمەت بە دۆزی نەتەوەیی بکەن و زیاتریش هۆشیاری لەناو ژنان دروست بکەن و بەشداریان پێبکەن لە خەباتی ڕێکخراوەیی و پارتایەتی.

## باسی دوەم: ڕۆڵی ژنان لە چالاکییە سیاسییەکان (ڕێکخستنە نهێنییەکان و خۆپیشاندانەکان) لە ساڵانی ١٩٧٥١٩٩١:

ئاشکرایە لە خەباتی کوردایەتی و پارتایەتی و دەنگهەڵبڕین دژی زوڵم و زۆری و ستەم و چەوساندنەوە، ژنان، هاوشانی پیاوان لە کۆڕی خەبات و بەرخودان دابون، ئەگەرچی تێڕوانین و دید و ڕەفتاری کۆمەڵگەی کوردەواری، هەروەها ڕەفتاری بەشێک لە پارتە سیاسییەکان، ئەوەندەی ڕواڵەتکارانە بوە بەرامبەر ژنان، ئەوەندە لە دیدێکی تەواو باوەڕبونیان بە تواناکانیانەوە سەرچاوەی نەگرتوە (عەبدوڵڵا، ٢٠١٧: ٤٧). لەگەڵ ئەوەشدا ژنان بەهۆی ستەمی چەند لایەنەی کە لێیان کراوە، لەڕوی نەتەوەیی و چینایەتی و ڕەگەزییەوە، هەمیشە پشتیوانی دڵسۆزی بزوتنەوە شۆڕشگێڕانە و ڕزگاریخوازەکانی نەتەوەکەیان بون، بەهۆی گونجاوی کاری ڕێکخستن لە چاو کاری پێشمەرگایەتی و چەکداری، هەروەها توانای بەئەنجام گەیاندنی هەندێ ئەرک و فرمان، کە بۆ ئەو کارانە لەژێر دەسەڵاتی دوژمندا، لە پیاوان گونجاوتر بون، بەشداری کارایان لە ڕێکخستنە نهێنییەکاندا هەبوە(خەزنەدار، ٢٠١٣: ١٥٧).

لە دوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بەهۆی باڵادەستی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ڕێکخراوەکانی (ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان، نوسەران و لاوان و جوتیاران...هتد)، کەوتبونە کارو چالاکی نواندن، بەهۆی ئەوەی زەمینەیەکی سیاسی لەباریان بۆ ڕەخسابو، لە کارو چالاکییەکان بەردەوام بون و گەشەی باشیان کردبو (مستەفا، ٢٠٠٧: ٢٧٩). بەڵام دوای (ڕێکەوتننامەی جەزائیر[18]) و هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول، ڕژێمی بەعس لە بواری ئابوری و سەربازی زۆر بەهێز ببو(کاروان شوانی، ٢٠١٨: ٢٠٠). بۆیە زۆر لەخۆبایی ببون، پێیان وابو کە ئیتر شۆڕشی کورد هەڵناستێتەوە، هەڵسوکەوتیان زیاتر پێداگری بو لە سەر تواندنەوە و بەبەعسکردن(ئیسماعیل، ٢٠٠٥: ٢٥). هەرچی ڕێکخراوی حزبی هەبو لە ژنان و خوێندکاران و کرێکاران و جوتیاران...هتد، هەموی لەکار و چالاکی وەستا بون، بەناچاریش زۆرینەی ئەندامەکانیان خۆیان حەشاردا بو(کاکە، ٢٠١٣: ٥٨، ٥٩).

بێگومان بەهۆی هەرەسهێنانی شۆڕش و دوبارە داگیرکردنەوەی کوردستان، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، تارماییەکی ڕەش باڵی نائومێدی بەسەر هەمو کوردستاندا کێشابو، بەڵام لەکۆتایی ساڵانی حەفتاکان، بەتایبەت دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ، بەڕێبەرایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦، کە ئەوکات ڕێکخستنە نهێنییەکانی، ببونە یەکێک لە تۆکمەترین ڕێکخستنەکانی حزبی لە ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا،

ئەو ڕاستیەش لەوەدا دەردەکەوێ، کە ڕۆژانە درندەترین ڕژێمی ڕۆژهەڵات (بەعس) بەهەمو توانایەکەوە پەلاماری دەدان، هەروەها چەندەها دامودەزگای سیخوڕی لە پێناو ئاشکراکردن و سەرکوتکردنیان دامەزراندبو، زۆر بەوردی چاودێری جوڵە و کاری ڕێکخستنەکانی دەکرد، بۆ ئەو مەبەستەش بودجەیەکی گەورەی تەرخانکردبو (عومەر، ٢٠١١: ١٨٨، ٢٢٥، ٢٢٦). بەڵام شێوازی دروستکردنی ڕێکخستنەکان شێوەی شانەی تەزبێحی بو، زۆر یەکتریان نەدەناسی، بۆئەوەی ئەگەر مەترسی کەوتە سەر ڕێکخستن و یەکێک ئاشکرابو، ئەلقەی دوای ئەو بپچڕێت و ڕێکخستنەکان لەگرتن و زیانی زیاتر ڕزگاربکرێن (ئیسماعیل، ٢٠٠٥: ٢٩ ؛ میره[١٩]،٢٠٢٠/١٠/٢٢: چاوپێکەوتن).

لە ڕاستیدا ڕۆڵی ژنان لە ڕێکخستنەکاندا، لە سەردەمی شۆڕشی نوێدا، هیچی لە ڕۆڵی پیاوان کەمتر نەبو، بەڵکو لە زۆر جومگەی ڕێکخستنی نهێنیدا ڕۆڵیان زۆر کاراتربو، بە حوکمی ئەوەی کەمتر چاوی دوژمنیان لە سەربو، لە ڕاپەڕاندنی هەمو ئەو کارانەی کە پیاو نەیدەتوانی یان دەرفەتی نەبو ئەنجامیانبدا، لەلایەن ژنانەوە جێبەجێ دەکرا (عزیز[٢٠]،٢٠٢٠/١٠/٢٤:چاوپێکەوتن؛ ئەحمەد[٢١]، ٢٠٢٠/١٠/٢٤:چاوپێکەوتن؛ سەروەر[٢٢]،٢٠٢٠/١٠/٣١: چاوپێکەوتن). سەرباری ئەوەی ژنان لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، لەڕێکخستنە نهێنییەکان و لەناو پێشمەرگەشدا، بەرامبەر ڕژێمێکی درندە خەباتیان دەکرد، ڕژێمی بەعسیش لەڕوی پەیڕەوکردنی ئازار و ئەشکەنجەدا هیچ جیاوازی لەگەڵ پیاوان نەدەکردن (شێخ محمود و ئەوانی تر، ٢٠١٢: ١٢). بەڵام ئەوە کۆڵی پێنەداون و بەردەوام لە خەباتدابون و هەوڵیان داوە لە تێکۆشاندا هاوشانی باوک و براو هاوسەرەکانیان بن، بە هۆی قوڵبونەوە لە خەباتی نەتەوەیی و ئەو زوڵم و زۆرەش کە بەرامبەر نەتەوەکەیان دەکرا، لەلایەکی دیکەوە بەرنامە و پرۆگرامی (ی.ن.ک) سەبارەت بە مەسەلەی ژنان و یەکسانی و دورکەوتنەوە لە جیاوازی ڕەگەزی، هەمو ئەوانە پاڵی بە ژنانەوە نابو، زیاتر خۆیان لە ڕیزەکانی ئەو پارتە سیاسییەدا بدۆزنەوە، جگەلەوەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستانیش زۆر کاریان لە سەر ژنان دەکرد، چونکە بۆ ئەو سەردەمە زۆربەی ئیش وکارەکان باشتر بەژنان بەڕێوەدەچو (میره،٢٠٢٠/١٠/٢٢: چاوپێکەوتن ؛ مولود[٢٣]، ٢٠٢٠/١٠/٢: چاوپێکەوتن). لەو قۆناغەدا بەشێکی بەرچاوی ژنانی کۆیە، لەناو ڕێکخستنە نهێنییەکان کاریان دەکرد، بەتایبەت لەناو کۆمەڵەدا کە زۆرتر لەناو چینی خوێندەواردا گەشەی کردبو، هەروەها ڕێژەی ژنانی مامۆستا و خوێندەواریش لە شارەکە زیادی کردبو، زۆرینەی چالاکییەکانی ناو شار بە هاوکاری ژنان ئەنجام دەدرا، تەنانەت بازنەی پەیوەندی ڕێکخستنەکانی پیاوانیش بەهۆی ژنانەوە کارەکانیان بە ئەنجام دەگەیشت، هەر لە هێنان و بردنی نامەو زانیاری و بڵاوکراوەکان (مستەفا[٢٤]، ٢٠٢٠/١٠/٢١: چاوپێکەوتن؛ میره، ٢٠٢٠/١٠/٢٢: چاوپێکەوتن). هەروەها کۆکردنەوە و دابینکردن و گەیاندنی پێداویستی لە خواردن و جل و بەرگ و دەرمان...هتد، یەکێ لەو ژنانە، یا فاتم دایکی تۆفیق قەیسەری بوە، ناو بەناو بارێکی لە خۆراک و پۆشاک و پێڵاو پێچاوەتەوە و بۆ پێشمەرگەی بردوە، هەر بەو هۆیە بە فاتە لۆری ناوبانگی دەرکردوە(مولود، ٢٠٢٠/١٠/٢: چاوپێکەوتن).

لەلایەکی ترەوە، ژنان لە ئێشکگری لەکۆبونەوەی نهێنی ناو شارەکان، هەروەها شاردنەوەی چەک و تەقەمەنی و گواستنەوەی بۆ ڕێکخستنە نهێنییەکان و دەستە پارتیزانەکان، تاوەکو لەکاتی چالاکییەکان

بەکاریبهێنن، ڕۆڵی بەرچاویان هەبو، هەروەها ئاشکراکردنی جموجۆڵی دەزگاکانی بەعس و ئەو بۆسە و کەمینانەی کە ڕژێم بۆ پێشمەرگەیان دادەنا، هەمو ئەوانە لەلایەن ژنانی ناو ڕێکخستنەکان و ژنانی تری لەخۆبوردوی ئەم شارەوە ئەنجامدراوە، نمونەی ئەو ژنانە: گەلاوێژی قالە دزەیی و پیرۆزی سابیری میرەی (میرە،٢٠٢٠/١٠/٢٢: چاوپێکەوتن). هەروەها پەرژینی خوشکی قوبادی حاجی ڕەفیق، لە چالاکییەکانی ناو شار و لە ڕزگارکردنی پێشمەرگە و هێنان و بردنی نامە و زانیاری، پاڵپشتی بە هێزی براکەی بوە (حاجی ڕەفیق[٢٥]، ٢٠٢٠/١١/٥: چاوپێکەوتن). هەر ئەو ژنانە ڕۆڵیان هەبو لە شاردنەوەی دەستە پارتیزان و گورزوەشێنەکان، دوای ئەنجامدانی چالاکی لە ناو شارو بەرێکردنەوەیان بۆ سنورەکانی ژێر دەستی پێشمەرگە، جگە لە تیمارکردن و شاردنەوەی بریندارەکان (ژاکاو[٢٦]،٢٠٢٠/١٠/١٨: چاوپێکەوتن ؛ کاکەحەمە[٢٧]،٢٠٢٠/١١/٥: چاوپێکەوتن). هەروەها بەشێکی زۆر لەو ژنە مامۆستایانەی لە لادێکان دەوامیان دەکرد، ئەندامی ڕێکخستنە نهێنیەکان بون، کارئاسانی زۆریان بۆ هێزی پێشمەرگە و شۆڕشی نوێ کردوە، لە گەیاندنی پەیام و نامەو زانیاری، سەرباری ئەوەی ڕۆڵێکی باشیان لە بڵاوکردنەوەی کاری ڕێکخستن و ڕۆشنبیرکردنی ژنانی لادێ بینیوە، بۆ وێنە ست سیوەیل عوسمان و کچێکی تر کە بە بنەچە گۆپتەپەیی بو، لەو کاتەی کە لە شەوگێڕ مامۆستا بون (مولود،٢٠٢٠/١٠/٢:چاوپێکەوتن). هەروەها هێرۆی حەمە سوری مام ڕەسوڵی...هتد، چونکە ئەو کاتە تا ساڵی ١٩٨٥ قوتابخانەکان لە لادێکان کراوە بون(میرە،٢٠٢٠/١٠/٢٢: چاوپێکەوتن).

هەروەها کوردەخان (کوردۆ عومەر[٢٨])یش کە لە تەمەنی خوێندکارییەوە، چۆتە ناو ڕێکخستنی نهێنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بوەتە ئەندامێکی کارا و چالاک، بەم هۆیەوە دوچاری زیندان و ئەشکەنجەدان و گواستنەوەی کاری فەرمانبەرێتی بەزۆر بۆتەوە (عەلائەدین، ٢٠١٤: ٢٢٠٢٢٦). هەر لەدوای دامەزراندنی لە فەرمانگەی تەلەفۆناتی کۆیە، یارمەتیدەرێکی باشی هێزەکانی پێشمەرگەو ڕێکخستنە نهێنییەکان بوە، ئاگاداری جموجۆڵەکانی دەزگای ئاسایشی بەعس بوە، توانیویەتی تۆڕێکی پەیوەندی دروست بکات، بە هۆی ئەوەی زۆرینەی نهێنیی هەواڵگریەکانی بەعس لە ڕێگەی تەلەفۆناتەوە، بە دەزگا ئەمنییەکانی هەولێر و بەغدا دەگەیەندرا، بەم هۆیەوە توانیویەتی زانیاریەکان وەرگرێت و بیکاتە ڕاپۆرت و بیگەیەنێ بەهێزەکانی پێشمەرگە، سەرباری ئەوەش لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی چەندین کەسوکاری پێشمەرگە لە دەسگیرکردن و زیندانیکردن بپارێزێ، بۆ وێنە جارێک زانیاری دەست دەکەوێ، کە ئەمنی هەولێر دەچن تاوەکو باوکی ئازادی حەمەگەمحانی دەسگیر بکەن، دواتر لەناوی بەرن، ئیتر کوردەخان بەخێرایی بە ڕێگەی تەلەفۆن هەواڵیان دەداتێ، تا لە ماڵ لایبەن و بیشارنەوە، بەم شێوەیە توانیویەتی لە مردن ڕزگاری بکات، بۆیە بەردەوام دەزگاکانی ڕژێم گومانی لێدەکەن و بۆ لێپێچینەوە بانگی دەکەن (عومەر[٢٩]، ٢٠٢٠/١٠/٣١: چاوپێکەوتن).

ئەوە ئاشکرایە ژنان خزمەتی گەورەیان کردوە، زۆرجاریش خۆیان خستۆتە مەترسیەوە، لەپێناو پارێزگاری لە نهێنییەکانی شۆڕش وەک قەڵغانێک بون، بۆ نمونە جارێک کۆمەڵێ چەکی زۆری پێشمەرگە و ڕێکخستنە نهێنییەکان لەلایەن عەیشەگلۆکەوە شاردراوەتەوە، لەناکاو مەفرەزە دەگەڕێ و ماڵەکان دەپشکنن، ئەویش هەمو چەکەکان دەباتە حەمام و حەمامەکە دادەگیرسێنێ و یەکێ لە کچەکانی دەنێرێتە حەمامەکە و پێی

دەڵێ ئاو بەرداتەوە، تا وابزانن کوڵ دەکات(خۆی دەشوات)، کچەکەی پێی دەڵێ: دایکە چۆن لەگەڵ ئەم هەمو چەک و ئاگرە بچمە حەمام، ئەویش دەڵێ چارەی ترمان نییە، ئیتر بەو ڕێگەیە چەک و نهێنییەکانی ڕێکخستن دەپارێزێ، دواتریش ژنانی ناو ڕێکخستنەکان بانگ دەکات و چەکەکانیان پێ پاکدەکاتەوە و بۆ شاخیان دەنێرێت (حەیدەری و ئەوانی تر، ٢٠١٤: ٦٥٧).

لەلایەکی دیکەوە، لە زۆربەی پێشهاتە سیاسییەکان یان لە کاتی بونە قوربانی پێشمەرگە و گەڕاندنەوەی تەرمەکانیان، ژنان بەشێوەیەک بەشداربون، هاوشێوەی خۆپیشاندانی جەماوەری دەرکەوتوە، هەروەها ئەو ڕێوڕەسمانە بونەتە جێگەی ترس بۆ ڕژێم و بە بەردەوامی چاودێری خستۆتە سەریان، سەرباری هەمو ئەو مەترسیانەش ژنان کەمتەرخەمیان نەکردوە و ئەوەی بۆیان کرابێ لەپێناو ڕزگارکردنی کەسوکاریان و پێشمەرگەدا ئەنجامیان داوە. بۆ نمونە لە کاتی گیرانی جەعفەر عبدالواحید و خاڵە شەهاب و ئەنوەر زۆراب لە ساڵی ١٩٧٥ دەرچونی حوکمی لە سێدارەدانیان(بێ ناوی نوسەر، ٢٠١٣: ٣٩٢). زێبا خانی خوشکی بەردەوام سەردانی دەکات و خواردن بۆ هەمو زیندانییەکان دەبات، ناوبەناو پارچە زێڕێکی خۆی فرۆشتوە، تا خەرجیەکانیان پێدابین بکات، ئەو ماوەی لە زیندان بون، هەمو جۆرە خواردنێکیان بۆ دەبات، دەڵێ هەمو جار بەمنی دەگوت: "یاخوا بەخێربێی خوشکی تەنگانە، سەری منت بەرزکردەوە". زێباخان هەوڵی زۆر دەدات لەپێناو ڕزگارکردنیان، بۆ ئەوەش مامۆستایەکی هاوڕێی کە کچی ئامۆزای ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆک کۆماربوە یارمەتی داوە، تەنانەت لەگەڵ نازەنین خان و سەبریخانی خێزانی کاک ئەنوەر دەچنە ماڵی دایکی سەدام حسێن، بەڵام دەریان دەکەن، دواتر هەر کۆڵ نادات و لە ڕێگەی بروسکەیەک دەتوانێ چاوپێکەوتنی سەدام حسێن وەرگرێ، قسەی لەگەڵ دەکات، بەڵام ڕوبەڕو نا، بەڵکو پەردەیەکیان لە نێوان دەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێنێکی ئەوتۆ وەرناگرن(بێ ناوی نوسەر، ٢٠١٣: ٤٢١، ٤٢٤، ٤٢٧، ٤٣١). دواجار لە ٢١/ ١٩٧٦/١١ لەسێدارەدران و تەرمەکانیان هێنرایەوە، ئەو کاتیش خەڵکی کۆیە، بەتایبەت ژنان ڕژانە ماڵی کەمالی زێڕنگر کە خزمیان بوە، دواتر دەزگای ئاسایشی بەعس، کاک کەمال و چەند کەسی تریان بانگکردوە، پێیان گوتون ناهێڵین تەرمەکە بنێژن ئەگەر خەڵک پەرت نەبن (میرە،٢٠٢٠/١٠/٢٢: چاوپێکەوتن)، بەڵام خەڵکێکی زۆر هەر لە (ژنان و پیاوان و خوێندکاران...هتد)، بەڕێوڕەسمێک بەرەو گۆڕستانی کەکۆن چون و ئامادەی ناشتنەکەی بون (سەیدبرایم، ٢٠١٨: ٦٧). سەرباری تازیەباری خۆیان خاتو زێبا، لە کاتی پرسەکەدا بۆ پرسەی هەردو شەهیدان خاڵە شەهاب و ئەنوەر زۆرابیش چوە(بێ ناوی نوسەر، ٢٠١٣: ٤٢٧).

ڕژێمی بەعس لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٨١٩٧٩ لەهەمو شار و شارۆچکەکاندا، یادی ڕۆژە پیرۆزەکانی خۆیان دەکردەوە وەک (یوم البیعة)، خەڵکیشیان بە زۆرەملێ هێناوەتە سەر شەقام بۆ بەشداری پێکردن، ئەوەی بەشداری نەکردبایە ناوی دەنوسرا و سزا دەدرا، هاوکاتیش بەردەوام چالاکی جۆراوجۆر لەلایەن ڕێکخستنەکانی شار و هێزە پارتیزانەکانی پێشمەرگەوە ئەنجام دراوە، بە سەرکردایەتی فەرماندەی سەربازی سنورەکە (شەفیق زاهیر گۆدە[٣٠]) کە ناوبەناو هەڵیان کوتاوەتە سەر دامودەزگاکانی بەعس و گورزی کوشندەیان لێداون(سەلیم، ٢٠١١: ٧١، ١٠٠). ئەمەش زیاتر دۆخی دامودەزگاکانی بەعسی شێواندوە، بۆیە بەردەوام لە هەوڵی پیلانگێڕان و بۆسەدانانەوە بون، تا لە ١٩٧٩/٨/١١، لە گوندی قوڕەبەرازە (شەفیق زاهیر گۆدە)ی فەرماندەی کەرتی هێزی

پێشمەرگە، کە دو ڕۆژ پێشتر هەشت گولله ئارپیچی له بارەگای ئەمنی کۆیە دابو، لەگەڵ کۆمەڵێک لە هەڤاڵانی کە ژمارەیان ١٩ کەس بو، دوای ڕوبەڕوبونەوەیەکی بێ وێنە، لەبەرامبەر سوپای عێراق و جاشی بەکرێگیراو و ژمارەیەک هلیکۆپتەر تا دوافیشەک بەرگریان کردوە، دواجار لە (داستانی قورەبەرازە)دا لە دەشتی کۆیە بونە قوربانی(ئەسەسەرد و ئەوانی تر، ٢٠١٣: ٥٦٤).

لەڕاستیدا ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی ڕەش و تاریکبو، لە مێژوی شاری کۆیە، خەڵک بەگشتی بەپیاو و ژنەوە خەمباربون (امین،٢٠١٠، گ.کەکۆن،ژ.(١١): ٣١). ژنان ڕۆڵێکی گەورە و پێشەنگیان گێڕاوە، لەکاتێکدا ڕێگا لە خەڵکەکە دەگیرێت تا بەشداری لە ڕێوڕەسمی ناشتنی قوربانییەکان بکەن، بەڵام ژنانی کۆیە و کەسوکاری قوربانییەکان بەشێوەیەکی تر بەشدارییان کردوە، لە کاتێکدا تەواوی ناوچەکە و چواردەوری نەخۆشخانەش کە تەرمەکانی لێبوە، لە ترسی هێرشی پێشمەرگە، بەهێزەکانی ئەمن و سەرباز و جاش و هێزی تایبەت گەمارۆ دراوە، ئەوەی گومانیان بۆ نەچوە پەلاماری ژنان بوە، لەو کاتەدا نزیکەی (٥٠ ٦٠) ژن لە ماڵی دایکی شەهید شەفیق (یازەوە)وە، لە فولکەی تاهیر تۆفیق بۆ بەردەم دەزگای ئەمن، دواتریش بۆ نەخۆشخانەی کۆیە بەڕێدەکەون (سەلیم،٢٠١١: ١٢٥، ١٢٦؛ کاکەمەلا،٢٠/١٠/٢٠٢٠:چاوپێکەوتن؛ حمد، ٢٠٢٠/١١/١٠: چاوپێکەوتن). کاتێک بەپانتایی شەقامەکە دێنەخوار هێزەکانی بەعس ویستویانە ڕێیان لێبگرن، بەڵام بەجۆش و هەڵمەتی پڕ لەڕق و قینەوە و قیژە و هاوار و خۆڕنینەوە بەرەو پێش ڕۆیشتون، هێزەکانی دوژمن نەیانتوانیوە پێشیان پێبگرن، ژنەکانیش دەستیانکردوە بە هوتاف کێشان، هەرچەندە پیاوانێکی زۆر ماوەیەک پێشتر بەخەمبارییەوە لە دەوروپشتی نەخۆشخانەکە ئامادەبون، بەڵام بەهۆی بارودۆخەکە نەیانتوانی بو بچنە پێشەوە، کاتێک ژنەکان دەگەنە لای نەخۆشخانەکە ڕێگە لە بەردەم پیاوەکانیش دەکرێتەوە، هەموان بەیەکەوە دەچنە ناو نەخۆشخانە، کاتێکیش تەرمەکان دەبردرێن بۆ گۆڕستان، بە هەمان شێوە بە گوتنی سرودی نیشتمانی و هوتاف و ناڵە و هاوار بەرەو گۆڕستان دەچن(سەلیم، ٢٠١١: ١٢٥، ١٢٦ ؛ حمد، ٢٠٢٠/١١/١٠: چاوپێکەوتن؛ کاکەمەلا،٢٠/١٠/٢٠٢٠: چاوپێکەوتن).

بەشێک لەو ژن و کچانەی لەو سەردەمەدا هاوکاری ڕێکخستنەکانیان دەکرد، هەندێکیشیان لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداربون، بریتیبون لە: یازەوەی دایکی شەهید شەفیقی، ست فەهیمە ڕسوڵ ژنی مامۆستا شەفیق تۆفیقی، یا ناجیەی دایکی دلێر تاقانەی، شوکریەی عەلی سەمەر خوشکی تاهیراغا، یا ناجیەی خوشکی مەلا زاهیری کاروانچی، زبێدەخان ژنی کاک ئەسوەدی کاروانچی، درەخشانی کچی کاک ئەسوەدی، درەخشانی خوشکی شەهید شەفیق، زینەی ژنی شەهید شەفیق، خوشکی شەهید ئازادی وەستا ڕەفیق نانەوا، ژنی وەستا جەمالی نانەوا، ست صەبیحە محەمەد خوشکی کاک ڕەفیقی ئاسایش، ناجیەی خوشکی شەهید ئاودێری، ست ئافتاوی مەلا فەتحوڵڵای، ست نیگار حەمید خوشکی شەهید شەهریاری، یا کافیەی خوشکی حەمەی زەکەی، نیشتمانی مامۆستا ئەنوەری، خەرمانی مامۆستا ئەنوەری، خوشکە عیففەتی حزبی شیوعی، ناجیەی ژنی مەجەگۆجی (سەلیم، ٢٠١١: ١٢٧)، عەیشەگڵوکە، عەیشەخان، کوردەخان، حەسیبە، شکریە، درەخشان، پەخشان، حەلاوقادر... هتد، کە دواتر بەشێکیان بۆ لێپێچینەوە بانگەکرێنە دەزگای ئەمن( حمد،٢٠٢٠/١١/١٠: چاوپێکەوتن).

هەر ئەو ڕۆژە (یازەوە)ی دایکی شەهید شەفیق، ڕوبەڕوی قاسماغا دەبێتەوە و پەنجەی بەرامبەری ڕادەوەشێنێ و دەڵێ: "وا تێمەگە بە کوشتنی کوڕەکەم و هەڤاڵەکانی هەمو کوردت کوشتوە، ئەم چیا سەربەرزانە پڕن لە کوڕانی من، ئێوە ئیمڕۆ چیتان کرد، ڕۆژێک دادێت ئەم کوڕانەم بە دەردێکی خراپترتان دەبەن" (میرخان، ٢٠٠٠،ر.هامون،ژ.(٢٥)). بێگومان بەم هەوڵانە توانرا هەوڵەکانی ڕژێمی بەعس هەرەس پێبهێنرێ، کە دەیانویست هەمو قوربانییەکان لە ناو یەک گۆڕدا بنێژن و نەیاندەنەوە بە خاوەنەکانیان، بەڵام ئاپۆرەی جەماوەری کۆیە و کەسوکاری قوربانییەکان بەرپەرچی هەوڵەکانیان دایەوە و توانیان تەرمەکان وەرگرنەوە و خۆیان بەشێوەیەکی شایستە بەخاکیان بسپێرن(ئەسەسەرد و ئەوانی تر، ٢٠١٣: ٥٦٤).

هەروەها کاتێک جەنگی ئەسعەد و دڵشادی برای کاک ڕەفیق محمدیش لە ساڵی ١٩٨٠، لە (پیرانەرەشناوچەی پشدەر) لەگەڵ جەمیل ڕێنجبەری بونە قوربانی، تەرمەکانیان هێنرایەوە کۆیە، سەرانی ڕژێم دایاننابو نەیاندەنەوە خاوەنەکانیان، دیسان بەسەدان ژن ڕژانە نەخۆشخانە، پیاوەکانیش پاڵپشتی ژنەکان بون بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکان، لەو هەلومەرجانە هەمیشە ژنان قەلغان بون(میرە،٢٠٢٠/١٠/٢٢: چاوپێکەوتن).

بێگومان زۆر ژنی تری وەک: عاسمە کوردستانی، سەبیحەی خێزانی عەبدەخەوە، (ژاکاو،٢٠٢٠/١٠/١٨: چاوپێکەوتن)، سنور مەغدید، حەسیبەی ئەحمەد ساواری، شکریە سەمەد، خەجاوی مام ڕەشیدی، نیشتمان ئەنوەر، خەرمان ئەنوەر، شنۆخان (حمد،٢٠٢٠/١١/١٠: چاوپێکەوتن)، نیشتمانی کاکەحەمەی (کاکەحەمە،٢٠٢٠/١١/٥: چاوپێکەوتن)، یا لوعبەتی دایکی ئەمجەدی مام فەتاحی، یاعەیشێی دایکی شەهید سالارە سوری، نێرگزی خێزانی ئەکرەمی مام فەتاحی(میرە،٢٠٢٠/١٠/٢٢: چاوپێکەوتن)، خوشکەکانی فاروقی عەلی مەولودی (قەسپێ و موحتێ(موحتەبەر)) (مولود،٢٠٢٠/١٠/٢: چاوپێکەوتن)، چیمەن خان و چەندەها ژنی تر لە سەردەمێکدا هاوکارو پشتیوانی شۆڕش و بزوتنەوەی کورد بون و ڕۆڵیان لە چالاکییە نهێنییەکان بینیوە (ژاکاو،٢٠١٤، گ.کەکۆن، ژ.(٣١): ٢١).

سەربارى ئەوەی خەباتی ژنانیش هاوشێوەی پیاوان، لەهەمو سەردەمەکان بەردەوامی هەبوە، ئەگەر چی ناوبەناو وەستان و ساردبونەوەی تێدا هەبوە، بەپێی ڕوداو و پێشهاتەکان، زۆرجاریش بەتەواوی خەباتی چەکداری و ڕێکخستنەکانیش پەکیان کەوتوە، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتر بەگڕوتین و سەلیقەیەکی نوێوە، دەستی پێ کردۆتەوە، لەچوارچێوەی ئەو بارودۆخانە لە ساڵانی هەشتاکاندا ژنانی تر هاوشانی ژنە خەباتگێڕەکانی سەردەمەکانی پێشتر، هاتنە کۆڕی خەبات و بەشێکی زۆر لە ژنانی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەشی تێدابو(مستەفا، ٢٠٢٠/١٠/٢١: چاوپێکەوتن؛ مولود،٢٠٢٠/١٠/٢: چاوپێکەوتن)، کە لەهەمو ئەو خۆپیشاندانانەی دژی حکومەتی عێراق ئەنجامدەدرا بەشداری کارایان هەبو، بە تایبەت خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢، کە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی گرتبۆوە، لە کۆیەشدا بەدەیان کچ و ژن بەشدار بون و قوربانیاندا، بەشێکیشیان توشی سوکایەتی زۆربونەوە، بە پرچ ڕاکێشان بەرە و بارەگاکانی بەعس بران و دەسگیرکران، دوای هەوڵدانی زۆری کەسایەتییەکانی کۆیە، ئینجا ئازاد کران (مستەفا، ٢٠٠٩:٩٤-٩٦).

هەروەها بە درێژایی ساڵانی هەشتاکان خەباتی ژنان چڕتربۆوە، لەهەر بارودۆخێکی نەتەوەیی دەنگ و ڕەنگی خۆیان هەبو، زۆرینەیان لەرێگەی باوک و برا و هاوسەرەکانیانەوە ڕێکخرابون، تەنانەت ئەوانەی لە

ڕێکخستنیش نەبون، بە هەمو جۆرێ هاوکاری ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگەیان دەکرد، چ ئەوەی کاری ڕێکخستنی دەکرد یان دەبوە پردی پەیوەندی لە نێوان شارو شاخ، زۆرینەیان ئەوانە بون کە هاوسەر و کەسوکاریان لە دەرەوە لە ڕێکخستن بو یان پێشمەرگە بو(مستەفا،٢٠٢٠/١٠/٢١: چاوپێکەوتن). بەم شێوە ژنان بەدرێژایی خەباتی نەتەوەیی ڕۆڵیان هەبوە، تا دەگاتە ڕاپەڕینی ١٩٩١ لەو ڕۆژەشدا ژنان ڕۆڵی کارایان بینی، هەر لە ئامادەکردنی خواردن و بە دەنگەوە چونی پێشمەرگە، هەروەها هاوشانی پێشمەرگە لە ڕاپەڕین بەشداربون، بەتایبەت کوردەخان کە یەکێک لە ئەندامانی شانەکانی بروسک بوە، ئەرکی بانگەوازی خەڵکیان لە ئەستۆ گرتوە، لەگەڵ ئەوەشدا ژنان بە ڕێژەیەکی زۆر بەدەم بانگەوازی مزگەوتی گەورەوە چون، بەچەک و بەرد وشتی تر پەلاماریانداوە، یەکێک لەوانە ژنێک بوە بەناوی کەحلە، تەنانەت ژنە جاشیکیش بە کلاشینکۆفەوە بەرەو بانگەوازەکەی مزگەوتی گەورە دەچێت و پشتیوانی ڕاپەڕیوان دەکات، ژنانی هەمو گەڕەکەکان بەگشتی ڕۆڵیان بینیوە، بەڵام لە گەڕەکی ناو بازاڕ ژنان بەتایبەت (ئاشتی، شەوکەت، لیمۆ، بەدیعە، شەهێن) و چەندانی ترلە دەرگایماڵەکانیان داوە و خەڵکیان هانداوە لە ماڵ بێنە دەرەوەو بەشداربن(ئەحمەد، ٢٠١٧: ٤٩٦٣).

هەرچەندە ژنان بەگشتی لە زۆربەی سەردەمەکان، بەهۆی ملکەچی و دورەپەرێزیان لە سیاسەت، ڕۆڵیان لاواز بوە و ڕێژەشیان لەناو کایەی سیاسی و حزبیدا کەمبوە، بەڵام وا پێویستە کە بەردەوام سیستمی سیاسی کوردستان و پەیڕەو و پرۆگرامی پارتە کوردییەکان هاوکاربن، لە شکاندنی کۆتی کەمینەی ژنان و بە باوەڕەوە لە تواناکانیان بڕوانن، سەرباری هەمو کەموکوڕییەکیش هەوڵ و بەشداری ژنان لە خەباتی نەتەوەییدا پڕشنگدارە، بەتایبەت ژنانی شاری کۆیە کە هەرلە سەرەتاوە تا دەگاتە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، ڕۆڵی پێشەنگ و کاریگەریان بینیوە، لە هەمو خۆپیشاندان و ڕاپەڕینێکیش بێ سڵەمینەوە بەشداربونە، بێ گوێدانە ئەوەی هەر قوربانی و مەترسیەکیشی بەدواوە بوبێ، بۆیە پێویستە ئەم بەشداری و خەباتە لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی بەرز بنرخێنرێت، چونکە زۆر بەکەمی ئەو خەباتە بەجۆشەی ژنان لە شارەکانی تری کوردستان بەدیکراوە، کە ئەوەش تایبەتمەندی کۆیە پیشان دەدات.

## دەرئەنجام:

دوای توێژینەوە لە ڕۆڵی سیاسی ژنانی کۆیە، لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨١٩٩١) بە چەند دەرئەنجامێک گەیشتوین، لەم چەند خاڵەدا کورتیان دەکەینەوە:

١.مێژوی کۆیە بریتییە لە بەشێکی پرشنگداری مێژوی نەتەوەی کورد، چونکە بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکان، شوێن و پێگەی شارەکە کاریگەری گەورەی لە سەر کۆی مێژوی ناوچەکەدا هەبوە، لە هەمو بوارەکاندا، جگەلەوەی هەمیشە کانگای پێگەیاندنی کەسایەتی دەستەبژێر و ڕۆشنبیر و ئەدیب و هونەرمەند و سیاسەتمەدار بوە.

٢.ژنان وەک توێژێکی کاریگەری ناوچەکە، ڕۆڵی گەورەیان لە پێشخستن و بەرەوپێشبردنی شارەکەدا هەبوە، هەر بۆیەش لە هەمو سەردەمە جیاوازەکاندا، ڕۆڵیان بەگەشاوەیی دەرکەوتوە، لەو چوارچێوەیەشدا دەیان و سەدان ژنی ڕۆشنبیر و کاریگەربونیان هەیە و ڕۆڵیان بەرچاوە.

٣.ژنان بەکارکردن لە گۆڕەپانی سیاسی ناوچەکەدا، بونی خۆیان سەلماندوە، ئەوەش لە سەرجەم جۆرەکانی خەباتدا، هەر لە ڕێکخستنە نهێنییەکان و پاڵپشتی لە خەباتی چەکداری و جۆرەکانی قوربانیدانیان لە ناو بزوتنەوەی نەتەوەی کورد بە ئاشکرا ڕەنگیداوەتەوە، بە دەیان ژنی جەربەزە لەو بوارەدا بە نەمری مێژوی خۆیان تۆمارکردوە.

٤.کۆیە و ژنانی کۆیە، پێشەنگ بونە لە بەشداری و بناغەدانانی پارتە سیاسییەکان، لەو چوارچێوەیەدا ڕۆڵی ژنانی کۆیە بە کاریگەری دەبینرێت، هەر بۆیەش لە یەکەم ساتی دروستبونی کۆمەڵە و یەکێتی تایبەت بە خۆیان ڕۆڵی کاریگەری تێدا دەگێڕن، دەبن بە دەستەبژێری ژنانی هەمو کوردستان، وەک چۆن لە دروست بونی کۆمەڵەی ئافرەتانی شیوعی و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان (پارتی)، ژنی کۆیە چالاک و کاریگەربون.

٥.لە هەمو قوربانیدانەکانی گەلی کورد، ژن بەشی گەورەی زیانەکانی بەرکەوتوە، لە بەرئەوەی سەرباری ئازار و ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەرونی، ناچاری هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی ماڵ و منداڵیش بونە، لەگەڵ ئەوەی لە هەمو سەردەمەکاندا، بارقورسایی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان لە ئەستۆیاندا بوە، بەهۆی دوری چاوی دوژمن و سیخوڕەکان لێیانەوە، هەمیشە کارە پڕ مەترسیەکان لە ڕێگەی ئەوانەوە ئەنجامدراوە.

٦.سەرباری هەمو ئەوانە واقیعی کۆمەڵایەتی کۆیەش، بێبەش نەبوە لە کەموکوڕی و دواکەوتویی، بەڵکو زۆرجار ئەو واقیعە ڕێگری گەورەی بۆ تواناکانی ژنان و کچانی شارەکە دروست کردوە، لە ئاست بەشدارییان لە کایەی سیاسی و بە سوک سەیرکردنی ئەو ژن و کچانەی ئەو سنورەیان دەبەزاند، هەرچەندە کۆیە زو لەو کۆت و بەندانە خۆی ڕزگار کردوە و ڕۆڵ و کاریگەری کەسایەتی مەلای گەورە و شاعیر و ئەدیبان، لە شکاندنی ئەو کۆسپانە لە مێژوی شارەکە بەرز دیارە.

# The Political Role of Koya Women in 1958-1991

**Hawrin Ali Tawfeeq**
Dastan Evening Preparatory, Directorate of Education Koya, Directorate General of Education of Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** hawrin.ali83@gmail.com

**Jamal Fathullah Taib**
Department of History, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Jamal.fathullah@koyauniversity.org

## Abstract:

Throughout history, women had crucial role in all aspects of community, this is also true for Kurdish women and women from Koya. In political arena, Women, alongside men, struggled towards the national causes. They endured many sacrifices. However, due to patriarchy system of Kurdish society, women were not offered similar opportunities as men, therefore, their chances for success was limited and they indirectly prevented form proving their themselves. Despite that, women from Koya somehow overcame the obstacles and participated and contributed to the society actively.

It is undeniable the public policy of subsequent ruling governments in Iraq did not pave the way from the active participation of women and neither provided equal opportunities for men and women. For instance, in 1963, when Ba'th regime took control of Iraq in a coup, they attacked Kurdistan region and Koya. They practiced the almost brutality against people, among the early victims were women. As the reaction, and reaction to other barbaric practices of Ba'th regime, Women from Koya participated in armed conflicts in Kurdish liberation movements.

The current research consists of two parts; in introduction, a brief historical survey about the participation and contribution of women from Koya pre1958 revolution is provided. The first part is dedicated to the contribution and activities of women between 19581975. The second part is dedicated to discussing the role of women in political activism and secret organization.

**Keywords**: Koya Women, Political Role , Communist Party , Political Activities, National Struggle.

## پەراوێزەکان:

[1] زەینەب خان – کچە کورد: کچی مەلا ڕەئوفە فەندی کوڕی مەحمودە فەندی و کوڕی مەلا سەعد لە بنەماڵەی خادم سوجادەیە، لە ١٩٠٠/٣/٢١ لە گەڕەکی بەفریقەندی لە کۆیە لە دایک بوە، لە ١٩٠٦ لە قوتابخانەی ڕوشدیەی کچان، کە یەکەم قوتابخانەی کچان بوە لە بەغدا تا پۆلی شەش خوێندویەتی، دواتر هاتۆتەوە کۆیە، دەستی بە خوێندنی ئاینی کردوە، زمانی عەرەبی و فارسی و عیبری زانیوە، شاعیر و چالاکوانێکی سیاسی بوە، لە ١٩٦٣/١/١٨ بەهۆی شێرپەنجەوە لە هەولێر کۆچی دوایی کردوە (عارف،٢٠١٨: ٤، ٥).

[2] دارکەر: ئەم کۆمەڵەیە لە ئەیلولی ١٩٣٧ لە شاری کەرکوک لەسەر دەستی (یونس ڕەئوفدڵداری شاعیر) و چەند کەسایەتیەکی تر دامەزراوە، ئامانجی گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی بوە، پەیڕەوی ناوخۆ و بڵاوکراوەی نەبوە، لە ترسی کاربەدەستانی حکومەت نەوەکو ئاشکرابین (فاتیح، ٢٠١٢: ٩٨).

[3] حزبی هیوا: سەرەتای دامەزراندنی بۆ کۆتایی ساڵی ١٩٣٨ لە شاری کەرکوک دەگەڕێتەوە، لەلایەن چەند خوێندکارێکی کوردی ئامادەیی کەرکوک دامەزراوەو ڕەفیق حیلمی سەرۆکی بوە، لە دروشمەکەی "بژی کورد، بژی کوردستان" نوسرا بو، پرۆگرام و پەیڕەوی نوسراوی نەبوە (فاتیح، ٢٠١٢: ٩٩، ١٠٠).

[4] خۆیبون: ڕێکخراوێکی نهێنی شێوە ڕێکخستنی هەرەمی بوە، هەوڵیداوە ئەندامەکانی لەسەر خەباتی نهێنی و نهێنی پارێزی ڕابهێنێ(ئالاکۆم، ٢٠٠٠: ١٢٩). ئەم کۆمەڵەیە دوای هەوڵێکی زۆری تێکۆشەرانی کورد لە سوریاو لوبنان لە ساڵی ١٩٢٧ دامەزرا، مەمدوح سەلیم یەکەم هەوڵی لەو پێناوەداوە، پەیڕەو و پرۆگرامی هەبوە، ئامانجی کۆکردنەوەی کوردی هەمو پارچەکان و پتەوکردنی پەیوەندی دبلۆماسی و یەکگوتاری کورد و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوە(فاتح، ٢٠١٦: ٢٦١ـ ٢٦٥).

[5] کۆمەڵەی منەوەران: ژمارەیەک لە ڕوناکبیر و هەڵگرانی بیری نەتەوەیی لە کۆیە لە ساڵی ١٩٣١ دایانمەزراندوە، چەندین کەسایەتی نیشتمانپەروەری کۆیەی تێدابوە، وەک: کاکەزیاد، زەکی ئەحمەد هەناری، تاهیر تۆفیق و...هتد، کە لە پێناو گرنگیدان بە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد دامەزراوە (فاتیح، ٢٠١٢: ١٠٥).

[6] نەجیبەخانی جەلی زادە: کچی مەلا محەمەدی حاجی مەلا عبدوڵلای جەلی زادەیە، لە ١٩١٧/٩/٨ لە کۆیە لە دایک بوە، لە ساڵی ١٩٢٥ چۆتە بەر خوێندن بە تێکەڵاوی لە گەڵ کوڕان، تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بەردەوام دەبێت، بەشداری جولانەوەی نەتەوایەتی کردوە و شاعیر و نوسەر بوە و چەندین بەرهەمی لەدوا بەجێ ماوە، لە ١٩٩٩/٦/١١ کۆچی دوایی کردوە (عەلائەدین، ٢٠١٤: ٣١١، ٣١٣).

[7] عەیشەگڵۆکە: کچی قادر یونس کۆیەیە لە ساڵی ١٩٣١هەر لە کۆیە لە دایک بوە، لە سەرەتای دامەزراندنی (پارتی ڕزگاری) دەبێتە ئەندامێکی چالاک، دواتر دەچێتە نێو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی و ڕۆڵی لە زۆربەی چالاکییەکانی ناو کۆیەدا هەبوە، دواجار لەلایەن ڕژێمی بەعس دەستگیر دەکرێت، دوای ئەشکەنجەدانی زۆر و نەدرکاندنی هیچ نهێنییەک لەسەر ڕێکخستن و پێشمەرگە، لە ١٩٨٨ لە سێدارە دەدرێ (عەلائەدین، ٢٠١٤: ٢٤٧).

[8] خوشکە فریشتە: لە ساڵی ١٩٢٦ لە کۆیە لە دایک بوە، کچی مستەفا ئاغای محەمەد ئاغا، لە بنەماڵەی حەوێزی یە، لە ساڵی ١٩٤٦ دەچێتە پاڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی، دەبێتە ئەندامی حزبی شیوعی عێراقی، لە ساڵانی پەنجا و شەستەکان ڕۆڵی بەرچاوی لە بزوتنەوەی ژناندا بینیوە، شاعیرێکی بە توانا بوە، لە ٢٠١٥/١١/١٦ لە هەولێر کۆچی دوایی کردوە (جەلی زادە، ٢٠١٩: ١١، ٢٠).

[9] چاوپێکەوتن لەگەڵ عیففەت کاکەمەلا لە کۆیە.

[10] عیففەت صالح محەمەد بە (عیففەت کاکە مەلا) ناسراوە، لە ١٩٣٢/٧/١ لە کۆیە لە دایک بوە، لە بنەماڵەی حاجیە گەورەیە، باوکی مەلا صالح قازی گەورەی کۆیە بوە، نەنکی (نەنە زبێد) نەوەی باپیرە فەقێ ئەحمەدە، خوشکە عیففەت لەگەڵ ئەوەی خوێندەواری

نەبوە، شاعیر و چالاكوانێكی سیاسی بوە، لە پێناو هۆشیاری و بەشداری ژنان لە ڕیزەكانی حزبی شیوعی لە ساڵانی پەنجا و شەستەكاندا ڕۆڵی چالاكی هەبوە، تا ئێستا لە ژیاندایە (جەلی زادە، ٢٠١٩: ٦).

[11] سورەیا محەمەد عەبدوڵلا، ساڵی ١٩٣٦ لە كۆیە لە دایكبوە، لە ساڵی ١٩٦٠ زمانی عەرەبی زانكۆی بەغدای تەواوكردوە، وەک مامۆستا دامەزراوە، یەكێک لە دامەزرێنەرانی یەكێتی ئافرەتان بوە، لە زۆربەی كۆنگرەو كۆنفرانسەكاندا بەشداربوە، لە ساڵی ١٩٦٨ هاوسەرگیری لەگەڵ (عومەر دەبابە) كردوە (رواندزی، ٢٠٠٥: ١٣٢-١٣٤). لەساڵی ٢٠١٧لە لەندەن كۆچی دوایی كردوە (كەكۆن/گۆڤار، ٢٠١٧،ژ.(٤٩): ٦).

[12] د.نەزیهە دلیمی (١٩٢٣٢٠٠٧)، لە بەغدا لە دایک بوە، یەكەم سكرتێری كۆمەڵەكەی مافی ئافرەتان بو، كە لەساڵی ١٩٥٢ بە نهێنی كاریان دەكرد وژمارەی ئەندامانیان نزیكەی ٤٢ هەزار ئەندام بوە، دوای شۆرشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، بۆیەكەمجار لە مێژوی وڵاتانی عەرەبی، پۆستی وەزیری دەوڵەتی پێدەسپێردرێ، چالاكوانێكی دیار بوە، دوا چالاكی لە ساڵی ١٩٩٩ لە سەر بارودۆخی ژنانی عێراق سازداوە (عبدالحمید،٢٠٠٧،ر.كۆیە،،ژ.(١٣)).

[13] چاوپێكەوتن لەگەڵ حەلاو قادر حمد، كە لە ساڵی ١٩٥٠ لە كۆیە لەدایكبوە، دەرچوی پۆلی سێیەمی ناوەندییە، ئەندامی مەڵبەندی كۆیەی (ی.ن.ک)ە، دانیشتوی كۆیە گەڕەكی جەمعیەیە.

[14] نەرمین عوسمان حەسەن: لە ساڵی ١٩٥٠ لە كۆیە لە دایكبوە، كۆلیژی ئاداب بەشی ماتماتیكی لە بەغدا تەواوكردوە، لە ساڵی ١٩٧٢ لەگەڵ (دارۆی شێخ نوری) هاوسەرگیری كردوە، لە ١٩٨٤١٩٩٢ نیشتەجێی سوید بوە، لەدوای ئازادی عیراقیش لە ساڵی ٢٠٠٣، سێ جار پۆستی وەزیری لە سێ كابینەی لەدوای یەک لە حكومەتی عیراق وەرگرتوە، لە پلەی حزبیش تاوەكو ئەندامی سەركردایەتی یەكێتی ڕۆیشتوە و ئێستاش لە ژیاندایە (عەلائەدین،٢٠١٤: ٢٢٠٢٢٢).

[15] زەهوا كچی سلێمان ئیسماعیل، خێزانی كەریمی زاهیری گۆدەی، لە ساڵی ١٩٢٧ لە كۆیە لە دایكبوە، ژنێكی ورەبەرز و خەباتگێر بوە، لە زوەوە چوەتە ناو ڕێكخستنەكانی ژنانەوە،شێرەژنێكی هەڵكەوتوبوە، هەمو جۆرەكانی نەهامەتی هەر لە جەرگ سوتانی چەند جارەو دەربەدەری و ڕاگواستن و زیندان و ئەشكەنجەو...هتد بینیوە، تا لە ساڵی ١٩٨٢ گیان دەسپێرێ (سەلیم، ٢٠١١: ١٣٨١٤٠؛ باوكی ڕەسەن،٢٠١٥،گ.شارەوان، ژ.(٥): ٤٧- ٥٣).

[16] حەرەس قەومی: هێزێكی میلشیایی نەتەوە پەرستەكانی عەرەب بون، لەلایەن حزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ دامەزراوەو بۆ لەناوبردنی نەیارەكانیان بەكارهێنرا، زیاتر لە كەسانی تاوانبارو خراپەكار پێكهاتبون، سیاسەتی تۆقاندن و ئازاردان و كوشتن و سوتاندن و تاڵان كردنیان بەرامبەر نەیارانیان پەیڕەوكرد، لە شاری كۆیەش سیاسەتێكی داپڵۆسێنەرانەیان جێبەجێ كرد(طیب،٢٠١٥،گ.كەكۆن، ژ.(٣٩):١٦-١٩).

[17] نازەنین عوسمان حەسەن: لە ساڵی ١٩٥٦ لە كۆیە لە دایكبوە، ساڵی ١٩٧٥-١٩٧٦ لە زانكۆی بەسرە بەشی ڤێرتێنەری وەرگیراوە، لە ساڵی ١٩٧٩ لە پۆلی پێنجەمی زانكۆ لەگەڵ هاوڕێكەی ئاشكرا دەبن، كە لە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵە كاردەكەن، بۆیەناچار دەبن بچنە شاخ، هەر لەو ساڵە بۆ بەشداری لە خولێكی پزیشكی دەچنە فرنساو ڕێگەیان نابێت بگەڕێنەوە، ئیتر لەوێ شو بە ئەحمەد بامەڕنی دەكات و لە فرنسا دەمێننەوەو بەردەوامی بە كاری سیاسی و چالاكی مەدەنی دەدات، لە ئێستادا خاوەن بڕوانامەی دكتۆرایە وكارلە بواری پسپۆری خۆی دەكات(كوردستانی نوێ/ڕۆژنامە،٢٠١٨، ژ.(٧٧١٩)).

[18] ڕێكەوتننامەی جەزائیر: لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥ لە نێوان سەدام حسێن و شای ئێران واژو كرا، لە لایەن چەندین سەركردەی دیاری وڵاتان زەمینەسازی بۆ كرابو، لەوانە: (ئەنوەر سادات)ی سەرۆكی میسر و سەرۆكی جەزائیر (هواری بۆمدین)، هەروەها وەزیری دەرەوەی ئەمریكا(هنری كسنجەر)، لە ڕێكەوتنەكەدا، عێراق دەستبەرداری نیوەی شەتول عەرەب بو، جگە لە وازهێنان لە داوا مێژوییەكەی بۆ گێرانەوەی هەرێمی خۆزستان(عەرەبستان)ی دەوڵەمەند بە نەوت، بەرامبەر دەستبەرداری شا لە پاڵپشتی كورد (صاغیە،٢٠١٣: ١٤٢،١٤١).

[19] چاوپێكەوتن لەگەڵ ئاشتی سابیر میرە، كە لە ساڵی ١٩٥٤ لە كۆیە لە دایكبوە، خوێندنی قۆناغی سەرەتایی تەواوكردوە، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێش بوە، بە پلەی سەربازی فەریق خانەنشینە، دانیشتوی كۆیەیە.

[20] چاوپێكەوتن لەگەڵ سامی قادر ئەحمەد عزیز، كە لە ساڵی ١٩٥٥ لە هەولێرلە دایكبوە، دەرچوی قۆناغی ناوەندییە، نوسەرو ڕوناكبیرە، خانەنشینی سەربازیە، دانیشتوی كۆیەیە.

[21] چاوپێكەوتن لەگەڵ ئارێز عەبدوڵلا ئەحمەد، كە لە ساڵی ١٩٦٥ لە ڕواندز لە دایكبوە، خاوەن بڕوانامەی بەكالۆریۆس، پێشتر ئەندامی پەرلەمانی عێراق بوە، لە ئێستادا ئەندامی سەركردایەتی (ی. ن. ك) ە، دانیشتوی شاری هەولێرە، خاوەنی چەندین كتێبە.

[22] چاوپێكەوتن لەگەڵ ئایشە عزیز قادر سەروەر، خێزانی زیاد سێگردكانیە، لە ساڵی ١٩٦٥ لە سێگردكان لە دایكبوە، تا قۆناغی ناوەندی خوێندوە، ئەندامی مەڵبەندی كۆیەی (ی.ن.ك) ە، دانیشتوی گەڕەكی فیدراڵیە لە كۆیە.

[23] چاوپێكەوتن لەگەڵ فاروق علی مولود، كە لە ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی داربەسەری سەر بە شاری كۆیە لە دایكبوە، دەرچوی دواناوەندیە، ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی(ی. ن. ك)، دانیشتوی شاری كۆیەیە.

[24] چاوپێكەوتن لەگەڵ چاپوك عومەر مستەفا، كە لە ساڵی ١٩٦٠ لە كۆیە لە دایكبوە، دەرچوی ئامادەیی پیشەسازی هەولێرە، بەشداربوە لە شۆڕشی نوێدا، دواتر چۆتە سوید و دوای ڕزگاركردنی عێراق بۆتە قائیمقامی كۆیە، لە ئێستادا لە هەولێر دادەنیشێ.

[25] چاوپێكەوتن لەگەڵ قوباد حاجی ڕەفیق حمد كە بە (قوبادی حاجیرەفیقی) ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە كۆیە دایكبوە، دەرچوی ئامادەیی كشتوكاڵە، لە ساڵی ١٩٨٠ بوەتە پێشمەرگە، دانیشتوی شاری كۆیەیە و خانەنشینی سەربازییە.

[26] چاوپێكەوتن لەگەڵ مولود حسین مولود حسن (ژاكاو)، نوسەرو ڕوناكبیر، كە لە ساڵی ١٩٣٩ لە گوندی ئەشكەوت سەقای سەر بە كۆیە لەدایكبوە، دەرچوی خانەی مامۆستایانە و مامۆستای خانەنشینە، دانیشتوی گەڕەكی فیدراڵیە لە كۆیە.

[27] چاوپێكەوتن لەگەڵ نیشتمان حمد احمد (نیشتمانی كاكەحەمە)ی كە لە ساڵی ١٩٥١ لە كۆیە لە دایكبوە، تا پۆلی شەشەمی ئامادەیی خوێندوە، لە ساڵی ١٩٧٤ تا خانەنشین بونی بەڕێوەبەری كتێبخانەی گشتی كۆیە بوە، دانیشتوی كۆیەیە.

[28] كوردۆ عومەر: كچی عومەری عەبدوڵلا صاڵحە، لە ساڵی ١٩٦١ لە كۆیە لە دایكبوە، لە ١٩٨٠ پەیمانگای اتصالات لە بەغدا تەواو دەكات، لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە یەكێتییەوە كردوە، لەدوای ڕاپەڕینەوەش چەندین كاری حزبی و حكومی وەردەگرێت و لە ٢٠٠٤ بەشی مێژوی زانكۆی كۆیە تەواو دەكات، وەك كارگێڕی مەڵبەند و ل.كۆمیتە و قائیمقامی كۆیە و لە ئێستاشدا بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانە (عەلائەدین،٢٠١٤: ٢٢٤٢٢٦).

[29] چاوپێكەوتن لەگەڵ كوردۆ عومەر لە كۆیە.

[30] شەفیق زاهیر گۆدە: چوارەم شەهیدی بنەماڵەكەیەتی، لە ١٩٤٨/١/٤ لە شاری كۆیە لە دایكبوە، لە ١٩٧٦/٨/٨دەبێتە پێشمەرگە لە ناو بزوتنەوەی سۆسیالیست و دواتر دەگەڕێتەوە ناو ڕیزەكانی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان و لە ١٩٧٩/٨/١١، لەگوندی قورەبەرازە لەگەڵ كۆمەڵێك لە هەڤاڵانی كە ژمارەیان ١٩ كەس بو، دوای ڕوبەڕوبونەوەیەكی بێ وێنە لە (داستانی قورەبەرازە) شەهید بون، كە ئەوكات ئامرهێزی دەشتی كۆیە بو (سەلیم، ٢٠١١: ٩٦، ١٢٠، ١٣٤).

## سەرچاوەکان:

ئەحمەد، زامدار.(٢٠١٧) ڕاپەڕینی کۆیە ٩ی ئاداری ساڵی ١٩٩١، چاپی یەکەم، سلێمانی: چاپخانەی کەمال.
ئەحمەد، زامدار.(٢٠١٧) مرۆڤ و مێژو لە گۆشەنیگای مەسعود محمدەوە، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی: چوارچرا.
ئەحمەد، زامدار.(٢٠١٩) ژنە هەڵکەوتوەکانی کورد، چاپخانەی تاران.
ئەحمەد، وریا.(٢٠٢٠) مێژوی گۆرانی و موزیکی کوردی ناوچەی کۆیە ١٨٥٠١٩٥٠، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.
ئالاکۆم، ڕۆهات.(٢٠٠٠)خۆیبون و شۆڕشی ئاگری، و:شوکور مستەفا، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
ئینگۆنۆیمایەر.(٢٠١١) کورد گەلێکی بێ دەوڵەت، و:ڕێبوار تۆفیق، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.
بێ ناوی نوسەر.(٢٠٠٨) بەشداریکردنی سیاسی ژنان، و: کنێر عەبدوڵلا، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان، چاپخانەی تەوار.
بێ ناوی نوسەر.(٢٠١٣) کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرەو ڕاپەڕین (بەشێک لە ژیاننامەی شەهیدان خاڵە شەهاب و جەعفەرو ئەنوەر)، چاپی دوەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی مێژوی (ی.ن.ک)، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.
تەیب، جەمال فەتحوڵلآ. (٢٠٠٨) کۆیە ١٩١٨١٩٥٨ ( لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی سیاسی یە، چاپی دوەم، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.
جەلی زادە، دڵدار. (٢٠١٩) خوشکە عیفەت (تەمەنێک بۆ نیشتمان)، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.
حەمەدبەگ، جەواد.(٢٠٠٧) مێژوی سەرهەڵدان وگەشەسەندنی شانۆو دراما لە کۆیە ١٩٣١٢٠٠٧،هەولێر: چاپخانەی دارا.
حەیدەری و ئەوانی تر، مومتاز و هێرش سنجاوی و کاروان قاسم.(٢٠١٤) – قاموسی ناوە نەمرەکان، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەو ئەرشیفی مومتاز حەیدەری، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
خەزنەدار، عەلی.(٢٠١٣) ئافرەتە ناودارەکانی کورد(هێزێکی بە توانا لە بەرگریکردن لە نیشتیمانەکەیان)، چاپی چوارەم، چاپخانەی کارۆخ.
ڕواندزی، عەقیلە.(٢٠٠٥) یادو ئافەرین، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری شاو وشکا، هەولێر: چاپخانەی پەروەردە.
سەلیم، ڕزگاری فقێ. (٢٠١١) گوڵستانی خەبات لە مێژوی شاری کۆیە (ساڵانی ١٩٧٠١٩٨٠)، بێ شوێنی چاپ.
سەیدبرایم، ڕەهبەر. (٢٠٠٨) سایەی هەیبەسوڵتان، سلێمانی: چاپخانەی بینایی.
سەید برایم، ڕەهبەر. (٢٠١٤) پرشنگەکانی کەکۆن، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.
سەیدبرایم، ڕەهبەر. (٢٠١٧) پرچی ئایشێ و فاتمان، سلێمانی: چاپخانەی ماردین.
سەیدبرایم، ڕەهبەر.(٢٠١٨) دیلانەومۆزیک، سلێمانی: چاپخانەی بینایی.
شارەزا، کەریم.(٢٠١٣) کۆیە و شاعیرانی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.
شەوڕۆ، فازیل. (٢٠١٥) ژنە پیشەوەرەکانی کۆیە، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.
شێخ محمود و ئەوانی تر، جەمیلە و نیگار عومەر و شلێر ڕەشید.(٢٠١٢) ڕۆڵی ژنان لە پەرەپێدانی کاری ڕێکخراوەییدا (ی.ن.ک) وەک نمونە، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.
صاغیە، حازم. (٢٠١٣) بەعسی عێراق (دەسەڵاتی سەدام لە دروستبونیەوە تا ڕوخانی)، و: بورهان عەتار، سلێمانی: چاپخانەی ڕون.
عارف، پرۆفیسۆر د.محمد نوری. (٢٠١٨) زەینەب خان (کچە کورد) ١٩٠٠١٩٦٣، بێ شوێنی چاپ.
عەبدوڵلا، کنێر. (٢٠١٧) بەشداری سیاسی ژنان لە باشوری کوردستان، چاپی دوەم، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.
عەلائەدین، عەبدولخالق (٢٠١٤) کۆیە... ناودارانی، هەولێر: چاپخانەی منارە.

عەونی، فەرهاد.(٢٠١٩) ٣٦ نامەوچەند کەسایەتییەکی دیوانی من، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

عزیز، کنێر عەبدوڵڵا حمە (٢٠٠٥) پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان، سلێمانی: چاپخانەی تەوار.

عومەر، د.سەروەر عەبدولرەحمان. (٢٠١١) مێژوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (١٩٧٥١٩٧٦)، بەرگی یەکەم، چاپی دوەم، هەولێر: چاپخانەی هێڤی.

فاتح، محەمەد.(٢٠١٦) پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا (١٩٢٣٢٠٠٣)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی.

فاتیح، محەمەد. (٢٠١٢) حزب و ڕێکخراوە سیاسیە عیراقییەکان (١٩١٠٢٠١٠)، سلێمانی: بڵآوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.،

فریشتەی کۆیی.(٢٠٠٥) چەپکێک لە هۆنراوەکانی فریشتەی کۆیی لەگەڵ دو پاشکۆدا، لەبڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان، چاپخانەی کشتوکاڵ.

قەرەداغی، مەهاباد.(٢٠١٨) ئافرەتیزم "مێژوی تێکۆشان بۆ مافی یەکسانی لە باشوری کوردستان" ١٩١٨ ٢٠١٨، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.

کاروان شوانی، مافپەروەر کاکەمەد نەجمەدین عەلی.(٢٠١٨) مێژوی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق، هەولێر: چاپخانەی ئازادی.

مار، فیبی. (٢٠١١) مێژوی نوێی عیراق، و: حەمە شەریف حەمە غەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، لە بڵآوکراوەکانی کتێبخانەی ئاودێر، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

مام هەژار. (٢٠١١) چەند لاپەڕەیەک لە مێژوی کۆیە، هەولێر: کۆمەڵگەی چاپەمەنی شەهاب.

مستەفا. ئاراس عەبدولڕەحمان (٢٠٠٩) ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) لە باشوری کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی سیاسییە)، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.

مستەفا، سۆزان کەریم. (٢٠٠٧) بەعسیزم و کورد، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.

زهدی، خانم.(٢٠٠٧) صفحات من تاريخ الحركه النسائيه العراقيه، بغداد: شركه دار الرواد المزدهره للطباعه و النشر المحدوده.

ڕەفیق، بەشدار عمر.(٢٠١٢) ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنی کورد لە باشوری کوردستاندا ١٩٢١ ١٩٥٨(توێژینەوەیەکی مێژویی) یە، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوەیە پێشکەش بە بەشی مێژوی فەکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی کۆیە کراوە.

ئیسماعیل، د.ئەرسەلان بایز.(٢٠٠٥) ڕۆژانی سەخت، سلێمانی.

پەستەک سۆر، کەمال خدر مستەفا.(٢٠١٧) بەسەرهات و یادەوەرییەکان، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

دڵزار، ئەحمەد. (٢٠١٩) بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.

ڕەسول، فاتح. (١٩٩٧) لە کاروانیکی دور و درێژدا "کورتەی خەبات و ئەزمونی پەنجا ساڵ"،ستۆکهۆڵم.

عەبدولقادر، فەرەیدون. (٢٠١٧) هەڵۆ سورەکانی قەندیل، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

کاکە، حەسەن. (٢٠١٣) هەورازەکانی کاروانی تەمەنم، لە بڵآوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.

مەشخەڵ، د.سامیە شاکر سادق.(٢٠١٩) سێ بێ(بەستە پیازە، بەغدا، بەرلین) بەشێک لە بیرەوەرییە سەختەکانی ژیانم، هەولێر.

محەمەد، مەسعود. (٢٠٠٩) گەشتی ژیانم، چاپی سێیەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە، بێ شوێنی چاپ.

ئەسەسەرد و ئەوانی تر، فەرید.(٢٠١٣) ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی دوەم، سکرتێری نوسین: کەیوان سەعید، دەستەی کارا: ئاوات کۆکەیی، ئیبراهیم هەورامی، خالید هەرکی، ڕەنج جەعفەر، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.

دەباغ، كازم عومەر.(٢٠٠٩) هەندێك دابونەریتی شاری كۆیە(ئینسكلۆپیدیای هەولێر)، بەرگی نۆیەم، لەبڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخان، لوبنان: چاپخانەی گرین گالۆری.
مەشخەڵ، دكتۆر سامیە شاكر.(٢٠٠٩) ڕۆڵی ئافرەتانی هەولێر لە بزاڤی ڕۆشنبیری و نیشتیمانی و نەتەوایەتیدا (ئینسكلۆپیدیای هەولێر)، بەرگی شەشەم، لەبڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخان، لوبنان: چاپخانەی گرین گالۆری.
ساڵح، جەواد حەمەد بەگ.(٢٠٠٩) كاریگەری مەلای گەورەی كۆیە لە سەر هونەری كوردی وموتروبەكردن و ئاڵۆشەدانی بەبیری سیاسی و نەتەوەییەوە(بڕگەكانی فیستیڤاڵی یادەوەری مەلای گەورە)، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.
ئەحمەد، كەریم.(٢٠١٤) ڕونكردنەوەیەك لە كەریم ئەحمەدەوە، گ. كەكۆن، ژ.(٣٢).
امین، دلشاد علی.(٢٠١٠) كارەساتە دڵتەزێنەكانی ساڵی ١٩٧٩ لە كۆیە، گ. كەكۆن، ژ.(١١).
باوكی ڕەسەن.(٢٠١٥) دو ناسیاوی شارەكەم (١. زەوەی زاهیری كەریمی گۆدەی ٢. سستەر مریەم)، گ. شارەوان، ژ.(٥).
تۆبزاوایی، هاوڕێ سەدر.(٢٠١٤) ئافرەتانی كۆیە لە گەڵ سەرهەڵدانی شیوعییەت بون، گ. كەكۆن، ژ.(٣٣).
جەلی زادە، دانا.(٢٠٠٢) نەجیبەخانی جەلیزادە ڕۆڵی سیاسی، گ. كۆسار، ژ.(٢-٣).
حەوێزی، مامۆستا عبدولكەریم عبدالله.(٢٠١٣) شۆرشی ئەیلول لە كۆیەوە دەستی پێكردوە، گ. كەكۆن، ژ.(٢٨).
ژاكاو، مەولود.(٢٠١٤) كۆییایەتی و خۆییایەتی (٤ خەباتی ژنانی كۆیە)، گ. كەكۆن، ژ.(٣١).
ڕەشاش، حەمید.(٢٠١٢) بیرەوەرییەكانم لە گەڵ شارە دێرینەكەی كۆیە، گ. كەكۆن، ژ.(٢٢).
ڕەشاش، حەمید.(٢٠١٦) دەربارەی هێرشە گەورەكەی حەرەس قەومی بۆ سەر كوردستان لە ساڵی ١٩٦٣، گ. كەكۆن، ژ.(٤٠).
ساڵح، جەواد حەمەد بەگ.(٢٠١٣) ناسنامەی شارەكەم، گ. شارەوان، ژ.(٢).
سەید برایم، ڕەهبەر.(٢٠١٢) قولڤێك لە قەڵای دمدم، گ. كەكۆن، ژ.(٢١).
سەیدبرایم، ڕەهبەر.(٢٠١٤) گوڵە ئەشرەفیەكان و ئایشەگوروكە، گ. كەكۆن، ژ.(٣٢).
شارەزا، كەریم.(٢٠٠٨) لە ئافرەتە ناسراوەكانی كورد نەجیبە خانی جەلی زادە ١٩١٧١٩٩٩، گ. كەكۆن، ژ.(١).
شەورۆ، فازیل.(٢٠١٠) كرۆنۆلۆژیای كۆیە یان مێژوی ڕوداوەكان لە ١٩١٨/٢/٢٠ ١٩٦٣/٤/٢٥، گ. كەكۆن، ژ.(١١).
طیب، د.جمال فتح الله.(٢٠١٥) هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری كۆیەو دەوروبەری لە ساڵی ١٩٦٣ دا، گ. كەكۆن، ژ.(٣٩).
فەتحوڵلا، د. جەمال.(٢٠١٦) پەیوەندیەكانی كۆیە لە گەڵ كۆماری كوردستان لە مهابادا، گ. كەكۆن، ژ.(٤٥).
كاكەیی، فلك الدین.(١٩٩٧) پارتی دیموكراتی كوردستان: مافی ئافرەت(تیۆری و پراكتیك)، گ.دەنگێك، ژ.(٣).
كەكۆن/ گۆڤار.(٢٠٠٩) چاوپێكەوتنی گۆڤارەكە لەگەڵ ئەحمەد دلزار، گ. كەكۆن، ژ.(٤).
كەكۆن/ گۆڤار.(٢٠١٢) لەیادی ئاهەنگی نەورۆزی (ئەشكەفت خەجۆر)، گ. كەكۆن، ژ.(٢١).
كەكۆن/ گۆڤار.(٢٠١٧) تەرمی (سورەییاخان) بەخاك سپێردرا، گ. كەكۆن، ژ.(٤٩).
سەیدبرایم، ڕەهبەر. (٢٠٢٠) فریشتەی شیعرو تێكۆشان، ڕ. كوردستانی نوێ، ژ.(٨٠٦٤).
سەیدبرایم، ڕەهبەر. (٢٠٢٠) گوڵەگەشەكان و مانگی بن هەور (حەزینە خاتون ١٨٦٣ – ١٩١٨)، ڕ. كوردستانی نوێ، ژ.(٨٢٠٠).
عبدالحمید، ئاراس عبدالخالق. (٢٠٠٧) د. نەزیهە دلێمی و ماڵئاوایی یەكجاری ١٩٢٣٢٠٠٧، ڕ.كۆیە، ژ.(١٣).
كوردستانی نوێ/ ڕۆژنامە. (٢٠١٨) گفتوگۆی نەرمین عوسمان لە گەڵ خاتو نازەنین عوسمان – بەسەركردنەوەی یەكەم كچە پێشمەرگەی شۆرشی نوێ، ڕ. كوردستانی نوێ، ژ.(٧٧١٩).
مام هەژار. (٢٠٠٤) چاوپێكەوتنی لە گەڵ خوشكە فریشتە، ڕ. هامون، ژ.(٤٩).
میرخان، حەمید. (٢٠٠٠) داستانی قورەبەرازە، ڕ. هامون، ژ.(٢٥).
ئەحمەد، بەیان كەریم، ماڵپەری ڕێگای كوردستان: سایتی مەكتەبی ڕاگەیاندنی حزبی شیوعی. (٢٠١٩) لە بارەی ژنە تێكۆشەرێكەوە.

حاجی، مەغدید، ماڵپەڕی ڕێگای کوردستان: سایتی مەکتەبی ڕاگەیاندنی حزبی شیوعی، (٢٠٢٠) عەیشەگروکە شێرەژنەکەی کوردستان و شەهیدە قارەمانەکەی حزبی شیوعی.

کەناڵی ژن تیڤی/ بەرنامەی بیرەوەری، (٢٠١٩/٥/١٩) تایبەت بە نەجیبەخانی جەلیزادە، ئامادەکار: ئەڤین نەسرین.

کەناڵی ژن تیڤی/ بەرنامەی بیرەوەری، (٢٠٢٠/٨/٣٠) تایبەت بە خوشکە فریشتە، ئامادەکار: ئەڤین نەسرین.

ئەحمەد، ئارێز عەبدوڵا، ٢٠٢٠/١٠/٢٤، هەولێر.

حاجی ڕەفیق، قوباد ڕەفیق حمد، ٢٠٢٠/١١/٥، کۆیە.

حمد، حەلاو قادر، ٢٠٢٠/١١/١٠، کۆیە.

ژاکاو، مەولود، ٢٠٢٠/١٠/١٨، کۆیە.

سەروەر، ئایشە قادر عزیز، ٢٠٢٠/١٠/٣١، کۆیە.

عزیز، سامی قادر، ٢٠٢٠/١٠/٢٤، کۆیە.

عومەر، کوردۆ، ٢٠٢٠/١٠/٣١، کۆیە.

کاکەحەمە، نیشتیمان حمد احمد، ٢٠٢٠/١١/٥، کۆیە.

کاکەمەلا، عیففەت، ٢٠٢٠/١٠/٢٠، کۆیە.

مستەفا، چاپوک عومەر، ٢٠٢٠/١٠/٢١، هەولێر.

مولود، فاروق علی، ٢٠٢٠/١٠/٢، کۆیە.

میرە، ئاشتی سابیر، ٢٠٢٠/١٠/٢٢، کۆیە.